https://doi.org/10.54809/jkss.viSpecial.112

Copyright © Open access article with CC BY-NC-ND 4.0



# هەڵوێستی هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا
# لێکۆڵینەوەیەکی بەڵگەنامەیی

د.بورهان حاتەم گۆمەتاڵی

د.هۆشەنگ ساڵح نەجاڕ

زانکۆی سەلاحەدین/کۆلێژی ئاداب- بەشی مێژوو

burhan.othman@su.edu.krd

hoshang.muhammad@su.edu.krd

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە، هەوڵیداوە لەگەڵ خستنەڕووی پوختەیەکی مێژووی پرۆسەی وێرانکردنی دێهاتەکانی کوردستان، هەڵوێستی پێشمەرگەش لە بەرامبەر ئەم پرۆسەیە بخاتەڕوو، ئەمەش لە سۆنگەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی عێراقیی و، پاشان بەراوردیانکردووە لەگەڵ هەندێک لەو سەرچاوانەی کە هاوسەردەمی ڕووداوەکە بوون. ئەو بەڵگەنامانە زۆربەیان دوای ڕاپەڕین و بەشێکیان لە دوای پرۆسەی ئازادی عێراق، ساڵی ٢٠٠٣ کەوتوونەتە بەردەستی ئەو کەسانەی کەلای خۆیان ئەرشیفیانکردوون، بەڵام کێشەکە لەوەدابوو، لێکۆڵینەوەی ورد لە هەندێک لە بەڵگەنامەکان، پێویستی بە قەبارەی کاری فراوانتر هەبوو، ئەمە لە چوارچێوەی توێژینەوەیەک، کە قەبارەکەی دیاریکراوە، کارکردنی ئاستەم بوو، بۆیە ئەمە خرایە چوارچێوەی پرۆژەی ترەوە. گرنگیی و بایەخی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیارییانەی لە نێو بەڵگەنامەکان دایە، چونکە مەبەستەکەی هەواڵگری بووە، کەدەبوو زانیارییەکان بە ڕاست و درووستیی بگاتە شوێنی خۆی، بەڵام کەمیی نییە لە هەڵەی ژمارە و چۆنیەتی خستنەڕووی ڕووداوەکە هیچ گومانێک لەو بەڵگەنامانە نەبەین، ڕەنگە زانیاریی هەڵەی تێدابێت، بۆیە گرنگە کە بخرێنە ژێر نەشتەری کاری لێکۆڵینەوەوە. خاڵێکی تریش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە بەڵگەنامەکان بە زمانی حکوومەتی عێراقییەوە دەڵێن، کە بەرهەڵستی پێشمەرگە لە بەردەم بەڕێوەچوونی پرۆسەکە ئاستەنگی چەند گەورەی دروستکردووە. بۆ ئەم مەبەستە توێژینەوەکە دابەشکراوە بەسەر دەروازەیەک و دوو تەوەردا؛ لە دەروازەدا، کورتەیەك لەبارەی پرۆسەی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا، باسکراوە. لە تەوەری یەکەمدا، تیشکخراوەتە سەر ڕێکخستنە سیاسی و چەکدارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە قەزای کۆیە. لە باسێکی تردا، تیشکخراوەتە سەر چالاکیی چەکداریی هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە سوپا و جاشی حوکومەت بۆ وێرانکردنی گوندەکان. تەوەری دووەم، هەڵوێست و چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگە باسدەکات لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە لە نیسان تا ئەیلوولی ١٩٨.میتۆدی لێکۆڵینەوە، لێکۆڵینەوەکە بەڵگەنامەییە، لەگەڵ ئەوەشدا لەگەڵ هەندێک لەو سەرچاوانەی کە باسیان لە ڕووداوەکان کردووە، بەراوردکراوە. لە خستنەڕووی بەڵگەنامەکاندا، ڕەچاوی ڕیزبەندیی کرۆنۆلۆژیی کراوە، ناونیشانی لێکۆڵینەوەکانیش بە پێی کەرەستەی بەردەست کە بەڵگەنامەکانن دانراون و لێیان کۆڵراوەتەوە.

E-ISSN: 2790525-X
P-ISSN: 27905268

گرنگترین ڕاسپاردەکانی ئەم توێژینەوەیە لە دوو خاڵدا کورتدەکرێنەوە: یەکەمیان، نەتەوەی کورد لە نێو بزووتنەوە ڕزگارییخوازەکەیدا، هەمیشە کەسانێکی تێدابوو، کە لە ژێرەوە دەستیان لەگەڵ نەیارانی بزووتنەوەکە تێکەڵکردووە و، زانیاریی پێشوەختەیان داوە بە دەزگا هەواڵگرییەکان. بۆیە پێویستە قۆناغەکانی داهاتووی بزووتنەوەکە، مامەڵەکردنێکی وریایانەی هەبێت لەگەڵ ئەم بابەتەدا. دووەم، لەبەرامبەر هەر کارێکی دوژمنکارانە، نەیارانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، حیسابی وردیان بۆ هێزی بەرگریی و بەرهەڵستی کردووە، دەزانن کە چەند کاریگەریی لەسەر ئاستەنگ خستنە بەردەم پڕۆژەکانیان دەبێت، بۆیە پێویستە هەتا بکرێت بەرەی بەرگریی بەهێز بکرێت و باوەڕی نەتەوایەتیی پتەوتربکرێت، هەتا جێبەجێکردنی هیچ پلانێک بەو ئاسانییە بەسەر نەچێت.

**کلیلە وشەکان: ڕاگواستنی گوندنشینەکان، وێرانکردنی دێهاتەکانی کۆیە، بەڵگەنامە ئەرشیفکراوەکان، هێزی پێشمەرگە، نەیارانی ناوخۆ،**

# پێشەکیی

لە چوارچێوەی شاڵاوەکانی ئەنفال، زۆربەی گوندەکانی کوردستان لەناویاندا گوندەکانی قەزای کۆیە بەر پرۆسەی راگواستن و وێرانکردن کەوتن. لە بەرامبەردا هێزەکانی پێشمەرگە بە چەندین شێواز کاردانەوە و هەڵوێستیان هەبووە. لەوانە، ئامادەباشیی و بەجێهێنانی چالاکیی پێشمەرگایەتیی دژ بە سوپا و جاش و دامەزراوە حکوومییەکان. بەر لە دەستپێکردن و کاتی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان و دوای تەواوبوونیشی پێشمەرگەی حیزب و لایەنە سیاسییەکان چالاکی جۆراوجۆریان دژ بە حکوومەت کردووە. هەر لە چوارچێوەی چالاکییەکاندا، لەکاتی وێرانکردنی گوندەکاندا، هێزەکانی پێشمەرگە، چەندین بازگەیان لەسەر رێگای سەرەکی هەولێر- کۆیە دانا و ئەندامانی حیزبی بەعس و یەکەکانی سوپا و جاشیان بە ئامانجگرتووە. هاندانی گوندنشینەکان بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لە دژی حکوومەت، جۆرێکی تری کاردانەوەی پێشمەرگە بووە لەدژی وێرانکردنی گوندەکان.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی، کە هەڵوێستی کورد بەرامبەر بە شاڵاوی راگواستنی گوندەکانی کوردستان روووندەکاتەوە، وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە، کە ئایا کورد لەبەرامبەر ئەم شاڵاوە دەستەوەستان بووە، ئایا هیچ کاردانەوەیەکی هەبووە؟ ئەمە لە کاتێکدا رێکخستنەکانی پێشمەرگەی سەر بە پارتە کوردستانییەکان، یان بەرەی کوردستانیی لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستان چالاکیی سەربازییان دژ بە سوپای عێراق کردووە. هەروەها ئەوە روووندەکاتەوە، کە ئەگەر هەڵوێست هەبووە، چیی کراوە و چۆن هەنگاوییان بۆ راگرتن و بەرپەرچدانەوەی ئەو شاڵاوانە ناوە؟

هۆکارەکانی هەڵبژاردنی ئەم بابەتە دەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک، یەکەمیان بۆ گرنگیی بابەتەکە، کە زۆر بە دەگمەن لە چوارچێوەی توێژینەوەی ئەکادیمیایی و بەڵگەنامەیی لێیکۆڵراوەتەوە، ئەوەی زیاتر کاری لەسەر کراوە، ئەو توێژینەوانەوەن کە بەشێوەیەکی گشتیی لە چالاکییەکانی پێشمەرگەیان کۆڵیوەتەوە. خاڵێکی تریش، پەیوەستە بە دەستکەوتنی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە زانیارییەکانی حکوومەتی عێراق دەربارەی چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە، گرنگیی ئەم بەڵگەنامانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە زۆربەیان تازە بڵاودەکرێنەوە و لە مەوبەر کاریان لەسەر نەکراوە، دووەمیان دیید و تێڕوانینی حکوومەتی عێراق بەرامبەر چالاکییەکانی پێشمەرگەمان بۆ دەردەخات، کە چۆن وەک مەترسییەکی گەورە لەبەردەم بە جێگەیاندنی چالاکییەکانیان لە ناوچەی باکوور (کوردستان)، ناویان هێناوە. خاڵێکی تر، دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیاریانەی کە لە ناوەرۆکی بەڵگەنامەکاندا هاتووە، کە زانیاریی وردی دەربارەی چالاکییەکانی پێشمەرگە و کات و شوێنی بەجێهێنانی چالاکییەکە، لەخۆگرتووە، کە رەنگە ئەم وردەکارییە کەمتر لەسەرچاوکانی تر، لای لێکرابێتەوە، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزی دەزگاکانی هەواڵگریی سەر بە حکوومەت لەلایەک و بەهێزیی و تاکتیکی خێرا و لێزانانەی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەکی ترەوە، هەربۆیە سەرەڕای ئەوەی زانیاریی پێشوەختە لەسەر پلانەکانیان هەبووە، بەڵام لە زۆر کاتدا توانیویانە چالاکییەکانیان سەرکەوتووانە بەجێبهێنن، ئەمە سەرەڕای ئەوەی بوونی پیاوانی سەر بە حکوومەت لەناو رێکخستنەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان پشتڕاستدەکاتەوە.

سەبارەت بە میتۆدی زانستیی، لەبەر ئەوەی لێکۆڵینەوەکە بەڵگەنامەییە و ماوەی توێژینەوەکەش دیاریکراوە، واتە تەنها یەک ساڵی بەهەندوەرگرتووە، بۆیە لە ئامادەکردنییدا، بەپێی (بابەت)، تەوەر و باسەکان دابەشکراون، بەڵام لە ناو هەر تەوەر و باسێکدا ریزبەندی کات رەچاوکراوە.

تەوەرەکانی توێژینەوەکە، لەمانە پێکهاتوون: لە دەروازەدا کورتەیەك لەبارەی پرۆسەی راگواستن و وێرانکردنی

گوندەکانی قەزای کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧ دا باسکراوە. لە تەوەری یەکەمدا، تیشکخراوەتە سەر ڕێکخستنە سیاسی و چەکدارییەکانی هێزی پێشمەرگە لە قەزای کۆیە، ئەم تەوەرەش چەند باسێک لەخۆدەگرێت؛ وەک، ئامادەکارییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە. لە باسێکی تردا تیشکخراوەتە سەر چالاکی چەکداریی هێزەکانی پێشمەرگە دژ بە سوپا و جاشی حوکومەت بۆ وێرانکردنی گوندەکان. تەوەری دووەم لە ژێر ناونیشانی هەڵوێست و چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگە لە کاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە لە نیسان تا ئەیلوولی ١٩٨٧، ئەم باسانەی لەخۆگرتووە، یەکەمیان، هاندانی گوندنشینەکان بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لەدژی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان، دووەمیان لێدانی سوپا و جاشی ڕاسپێردراو بۆ وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە. سێیەمیشیان دانانی بازگە و ڕفاندنی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگا گشتییەکان و چوارەمیان لێدانی ڕەبیە و بنکە سەربازییەکان و فەرمانگە حکوومییەکانە.

ئەم توێژینەوەیە، بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە فەرمییە بڵاونەکراوەکانی دامودەستگا ئەمنیی و سیاسیی و کارگێڕیی و سەربازییەکانی حکوومەت نووسراوە و، ڕەهەندەکانی هەڵوێستی پێشمەرگە لە بەرامبەر ڕاگواستن و وێرانکردنی حکوومەت بۆ گوندەکانی قەزای کۆیە ڕوونکراوەتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، بۆ شیکردنەوەی زیاتری ناوەرۆکی بەڵگەنامەکان، سوود لە چەند سەرچاوەیەکی تریش وەرگیراوە، وەک بیرەوەریی و دیداری بەشێک لەو پێشمەرگانەی، کە لە دەموساتی ئەم هەڵمەتانەدا لە ناوچەکەدا خەباتی چەکدارییان کردووە و گەواهیدەری ئەو مێژووەن. لەوانەش وەک بیرەوەرییەکانی ڕەفعەت عەبدوڵڵا ناسراو بە ڕێباز، لەژێرناوی (قەندیل بەغدای هەژاند)، کە خۆی لە نزیکەوە سەرکردایەتیی ئەو مەفرەزانەی کردووە، کە بۆ بەرگرتن لە شاڵاوەکانی خاپوورکردنی دێهاتەکانی ناوچەکە چالاکییان نواندووە، هەروەها سوود لە بیرەوەرییەکانی سەید کاکە، محەمەدی مەلا قادر، مەلا حەسەن و ئەوانی تر وەرگیراوە، کە هەریەکەیان شایەتحاڵی ڕووداوەکانی ناوچەکە بوون.

## دەروازە/ وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە لە ساڵی ١٩٨٧

حوکومەتی عێراق لە سەرەتاکانی ساڵی (١٩٨٧)ەوە، کەوتە دانانی پلانێکی سەرتاپاگیر بۆ ڕاگواستن و کاولکردنی گوندەکانی کوردستان، لە ناویاندا گوندەکانی قەزای کۆیە. پلانەکە ڕاستەوخۆ لەلایەن عەلی حەسەن مەجید (١٩٤١-٢٠١٠)ی ئەندامی سەرکردایەتی حیزبی بەعسەوە سەرپەرشتیکراوە و نەخشەی بۆ کێشراوە. ئەمەش دوای ئەوەی ناوبراو بە بڕیاری سەدام حوسێن (١٩٣٧-٢٠٠٦)ی سەرکۆماری عێراق (١٩٧٩-٢٠٠٣) و سەرۆکی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی حیزبی بەعس، لە ٢٩ی ئاداری ١٩٨٧ دا کرا بە فەرمانڕەوای بێسنووری هەموو ناوچەکانی کوردستان، بەشێوەیەك هەموو دەسەڵاتێکی بەسەر دەستگا مەدەنیی و ئەمنیی و سەربازییەکان پێسپێردرا و، دەبوو سەرجەم ئەو دەستگایانە تەنیا بڕیار لەو وەربگرن (بینگیۆ، ٢٠١٣، ل٢٨٠). حوکومەتی عێراق جەنگی لەگەڵ ئێران و یارمەتییدانی گوندەکان بۆ هێزەکانی پێشمەرگەی کرد بە بیانووێك بۆ کاولکردنی تەواوی گوندەکانی کوردستان، بەشێوەیەك لەو ماوەیەدا (٢٧٧٦) گوند لە سەرتاسەری کوردستاندا خاپوورکران (عوسمان، ٢٠٢١، ل١٦٨)، کە گوندەکانی قەزای کۆیەش لەو چوارچێوەیەدا بوون. لە نووسراوێکی نووسینگەی ڕێکخستنی باکوور (مكتب تنظيم الشمال) دا، بە واژۆی عەلی حەسەن مەجید، هاتووە: «بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستییەی، کە دوا کات بۆ ڕاپێچکردنی ئەو دێهاتانە لە ١٩٨٧/٦/٢١ کۆتاییدێت، بڕیارماندا هەموو ئەو گوندانەی، کە تێکدەرانی بەکرێگیراوی ئێران (مەبەستی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانە-توێژەران) و ناپاکزادەکان (مەبەستی پارتی دیموکراتی کوردستانە-توێژەران) و هاوشێوەکانیان، تێدا هەن، لەبەر هۆکاری ئەمنیی دەبێت ببن بە ناوچەی قەدەغەکراو، سەربازان دەتوانن بە ئارەزووی خۆیان لەو

ناوچانـەدا تەقەبکـەن، لەکاتـی هـەر فەرمانێکـی بـارەگای فەیلەقـە سـەربازییەکانەوە، دەتوانـن، تۆپبارانـی ناوچەکـە بکـەن، ئـەو کەسـانەی لـەو ناوچانـەدا جموجووڵدەکـەن، بکـوژن، هـەر کەسـێکیش لـەو ناوچانـەدا دەسـتگیربکرێت، لێکۆڵینـەوەی لەگەڵـدا دەکرێـت، هـەر یەکێکیـان تەمەنـی لـە نێـوان (١٥-٧٠) سـاڵ بـوو، فەرمانـی مەرگـی دەدرێـت، موستەشـار و فەوجەکانـی بەرگریـی نیشـتیمانییش، دەسـتواڵا دەکرێـن لـە دەستبەسـەرداگرتنی هـەر شـتێک دەسـتیانبکەوێت، تەنهـا چەکـی قـورس نەبێـت، پێویسـتە رادەسـتی یەکـە سـەربازییەکان بکرێتـەوە» (قیـادة مکتـب تنظیـم الشـمال، ١٩٨٧/٦/٢٠).

پرۆسـەی راگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە لەلایـەن بەرپرسـانی سـەربازیی و سیاسـیی و کارگێڕیـی حکوومـەت بـە دوو قۆناغـی جیـا نەخشـەی بـۆ کێشراوە. قۆناغـی یەکـەم لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٨٧ تـا ٢٠ی ئایـاری ١٩٨٧ بـوو، واتـە بـۆ مـاوەی یـەك مانـگ، لەو ماوەیـەدا (٤٢) گونـدی سـەر بـە قـەزای کۆیـە کاولـکران، کـە پێکهاتبـوون لـە (١٧) گونـدی سـەر بـە ناحیـەی ناوەنـدی قـەزا و (١٨) گونـدی سـەر بـە ناحیـەی شـۆڕش و (٧) گونـدی سـەر بـە ناحیـەی تەقتـەق. قۆناغـی دووەمـی راگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە لـە ٢١ی ئایـاری ١٩٨٧ تـا ٢٠ی تەممـووزی ١٩٨٧ بـوو. لەمـاوەی ئـەو دوو مانگـەدا (٨٦) گونـدی قەزاکـە خاپوورکـران، کـە (٢٦) گونـد سـەر بـە قـەزای ناوەنـد بـوون، (٥٢) گوندیـش سـەر بـە ناحیـەی تەقتـەق بـوون، هەروەهـا (٨) گوندیـش سـەر بـە ناحیـەی شـۆڕش بـوون (عوسـمان، ٢٠٢١، ل١٧٩-١٨٤). بـەم شـێوەیە کـۆی گشـتیی گونـدە وێرانکراوەکانـی قەزاکـە لـە هـەردوو قۆناغـدا بریتـی بـوو لـە (١٢٨) گونـد.

لـە وێرانکردنـی گوندەکانـدا لـە قۆناغـی یەکـەم و دووەمـدا شـۆفڵ و بلـدۆزەر بەکارهاتـووە، کـە هەندێکیـان تایبەتبـوون بـە یەکـە سـەربازییەکان و ئەوانـی تریـش سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتـی شـارەوانیی هەولێـر بـوون. جگـە لـە یەکـە سـەربازییەکان، فەوجەکانـی جـاش، کـە کـورد بـوون، رۆڵـی سـەرەکییان لـە پرۆسـەی وێرانکردنـی گوندەکانـدا هەبـووە و پارێزگارییـان لـەو شـۆفڵ و ئامێرانـە دەکـرد، کـە گوندەکانیـان تێکـدەدا. هەروەهـا رووبـەڕووی ئـەو هێزانـەی پێشـمەرگە دەبوونـەوە، کـە هەوڵیانـدەدا پرۆسـەی وێرانکردنـی گونـدەکان رابگـرن (عوسـمان، ٢٠٢١، ل١٨٢). هـەر گوندێکیش خەڵکەکـەی ئامادەنەبووبن، گوندەکەیـان جێبهێڵـن، بۆردومانـی سـەختی دەوروبـەری گوندەکەیـان دەکـرا، تـا خەڵکەکـەی ناچاربـن، لـە ترسـا رابکـەن و جێیبهێڵـن، بـۆ نموونـە لـە گونـدی (گۆپتەپـە)ی دەشـتی کۆیـە، خەڵکەکـە سـەرەتا ئامادەنەبـوون، گوندەکەیـان جێبهێڵـن، بـەڵام دوای تۆپبارانـی دەوروبـەری گوندەکەیـان، بـە ناچـاری جێیانهێشـتووە، بەشـێکیان بـەرەو نـاو قـەزای کۆیـە و بەشـێکی تریشـیان بـەرەو نـاو شـاری هەولێـر رەویانکـردووە، ئەوانـەی هەولێـر زۆربەیـان لـە گەڕەکـی (بـاداوە) نیشـتەجێبوون، گوزەرانـی ژیانیـان سـەخت و نالەبـار بـوو (گۆپتەپەیـی، ٢٠٢١/١٠/١٠).

وەک سـەرچاوەیەک ئاماژەیپێـدەدات، کـە قۆناغـی چوارەمـی شـاڵاوی تێکـدان و راگواسـتنی گوندەکانـی کوردسـتان لـە دەشـتی کۆیـە و ناوچـەی شـوان دەسـتپێکردووە، تاوانـی گـەورە کـراوە لەلایـەن سـوپای عێـراق بـە هـاوکاری جاشـەکان، خەڵکێکـی زۆر بەهـۆی بۆردوومانـی سـوپای عێـراق بـوون بـە قوربانیـی، ژمارەیەکـی زۆریشـیان بەدیلگیـراون و بـەرەو شـاری کۆیـە رەوانەکـراون (مـەلا حەسـەن، ٢٠٠٨، ل١٤٢).

تـەوەرەی یەکـەم/ چالاکییـە سـەربازییەکانی پێشـمەرگە بـەر لـە دەسـتپێکردنی پرۆسـەی وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە (کانوونـی دووەم- نیسـانی ١٩٨٧)

١- پلانەکانی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ بەجێهێنانی چالاکیی سەربازیی

لـە چەندیـن بەڵگەنامـەی فەرمـی دەسـتگا حیزبیـی و ئەمنیـی و سـەربازییەکانی بەعـس هۆشـیارییدراوە لەبـارەی ئامادەکاریـی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـۆ لێدانـی بـارەگا و دامـەزراوە حکومییـەکان. بـۆ نموونـە لـە نووسراوێکـی سـەرکردایەتیی

لقی هەولێری حیزبی بەعس لە ١٧ی شوباتی ١٩٨٧ دا بۆ لێژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێر ئاماژە بەوە کراوە، کە لە شەوی ١/٢٣ /١٩٨٧ کۆمەڵێك پێشمەرگەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان چوونەتە ناو گوندی (دێگەڵە) لە ناحیەی شۆڕش و بەشێوەی کۆمەڵەی بچووك بەسەر ماڵەکاندا دابەشبوون بۆ نانخواردنی نانی ئێوارە. پرسیاریانکردوە لە خەڵکەکەی ئەوێ کردووە دەربارەی قەبارەی ئەو هێزی سەربازییەی، کە لە ناحیەکەدا هەن. هەروەها لە کۆتایی نووسراوەکەدا هاتووە: «ئەو زانیارییانەی کە لە سەرەوەدا ئاماژەیانپێدرا، بەڵگەن لەسەر ئەوەی، کە تێکدەرەکان نیازی هێرشکردنە سەر ناحیەی شۆڕشیان هەیە» (قیادة فرع اربیل، ٢/١٧ /١٩٨٧).

لە نووسراوێکی لێژنەی ئەمنیی پارێزگای کەرکوك بۆ فەرماندەی هێزەکانی (ڕەشید) و سەرکردایەتی (جەیشی شەعبی) و وەزارەتی ناوخۆ و پارێزگای هەولێر و سلێمانی لە ١٨ی شوباتی ١٩٨٧ دا هۆشداریدراوە، کە هێزێکی پێکهاتوو لە تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر و تیپی (٩٢)ی کۆیەی یەکێتی نیازیان وایە پەلاماری کۆیە و ناحیەی (تەقتەق) و (ناحیەی شوان) بدەن (محافظة التأميم-اللجنة الامنية، ٢/١٨ /١٩٨٧).

لە بروسکەیەکی نهێنی و بەپەلەی لێژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێر بۆ هەردوو فەرماندەیی فەیلەقی پێنج و یەك و لێژنەی هەماهەنگی ناوەندی ئەمنیی لە کەرکوك، لە ڕۆژی ١٧ی ئاداری ١٩٨٧ وردەکاریی پلانێکی هێزەکانی پێشمەرگە بۆ لێدانی شاری کۆیە خراوەتەڕوو. لە نووسراوەکەدا ئاماژەکراوە لە ڕۆژی ٧ی ئاداردا کۆبوونەوەیەکی حیزبیی لە نێوان سەرکردەکانی یەکێتی لە ناوچەی (ڕێزان)ی سەر بە ناحیەی (ئاغجەلەر) لە پارێزگای سلێمانی کراوە. ئەو سەرکردانەی تیایدا بەشداربوون بریتیبوون لەمانە: (شێخ جەعفەر شێخ مستەفا، عەلی بچکۆڵ، مەلا ئاراس، مامۆستا عادل، شێروان کوێخا نەجم، ڕۆستەم کەرکوکی). مەبەستی کۆبوونەوەکە دانانی پلانێك بووە بۆ لێدانی شاری کۆیە، ئەمەش بەسەرپەرشتی (غەفور ئەحمەد دەروێش) ناسراو بە (مامە غەفە)ی ئامر تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر. لەو کردە سەربازییەدا حەوت تیپ بەشدارییدەکەن، کە بریتین لە: (تیپی ٧٨ی کارۆخ، تیپی ٨٣ی هەورێ، تیپی ٢٣ی سورداش، تیپی ٩٩ی بیتوێن، تیپی ٢٥ی خالخالان، تیپی ١٢ی سۆران). هەموو ئەو جۆرە چەکانەش بەکاردەهێنن، کە لایان هەیە، وەك ڕاجیمە و هاوەن و ئاربیجیی و چەکی سووکی دیکە. لە بەڵگەنامەکەدا وردەکاریی چۆنییەتی جێبەجێلردنی کردە سەربازییەکە روونکراوەتەوە، کە بەم شێوەیە: ڕاجیمەکان لەسەر بەرزاییەکانی نزیك گەڕەکی (حەمامۆك)ی دەوروبەری شاری کۆیە دادەنێن. هەروەها بەر لە جێبەجێکردنی کردەکە سێ بۆسە لە دەوروبەری شاری کۆیە دادەنێنەوە. بۆسەیەکیان لەسەر ڕێگای گشتی هەولێر-کۆیە لە نێوان چیای هەیبەت سوڵتان و ناوەندی شاری کۆیە دەبێت، ئەمەش بۆ ڕێگرییکردن لە هەر هاوکارییەك، کە لەوانەیە لەلایەن فیرقەی (٢٤)ەوە بۆ هێزەکانی حوکومەت بێت. بۆسەی دووەمیان لەسەر ئەو چوارڕیانە دەبێت، کە کەوتووەتە سەر ڕێگای گشتیی هەولێر-کۆیە، کە ناوەندی هەولێر و شاری کۆیە و ڕێگای گشتیی نێوان شاری کۆیە و پارێزگای کەرکوك بەیەکەوە دەبەستێتەوە. ئەمەش بۆ ڕێگریکردن لە ئەگەری هاتنی هەر یارمەتییەکی سەربازیی لەو ناوچەیەوە. بۆسەی سێیەمیشیان لەسەر ئەو ڕێگا گشتییەی، کە دەچێتەوە بۆ ناوچەی حەمامۆك دادەنێن، بۆ ئەوەی ڕێگرییکەن لە هێزەکانی حکومەت و نەهێڵن دەستبەسەر ڕاجیمەکاندا بگرن. لە کۆتایی برووسکەکەدا مەبەستی سەرەکی ئەو پلانە خراوەتەڕوو، کە لێدانی فەرمانگە گرنگەکانی قەزاکەیە، بەتایبەتی فەرمانگەی ئەمن و هەواڵگری و بارەگای حیزبی بەعس (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٣/١٧ /١٩٨٧).

لە چەندین برووسکەی دیکەدا مەترسی هێرشکردنە سەر شاری کۆیە و ناحیەی تەقتەق و ڕەبییەکانی دەوروبەری جەختی لێکراوەتەوە. بۆ نموونە لە برووسکەیەکی ئەمنیی هەولێر بە ژمارە (١٤٥٧) بۆ فەرماندەیی فەیلەقی یەك و

فەیلەقی پێنج و لێژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێر لە ٢٠ی ئاداری ١٩٨٧ دا زانیاریی ئەوە خراوەتەڕوو، کە لە شەوی ١٨/١٧ی ئازاردا دوو کەرتی پێشمەرگە لە گوندی (هەرمۆتە) بینراون. کەرتی یەکەمیان سەر بە تیپی (٩٣)ی کۆیەیە و کەرتی دووەم سەر بە تیپی (٩٩)ی (بیتوێن)ن. دواتر لە ٢٠ی ئازاردا هێزەکە چوونەتە هەردوو گوندی (شەوگێڕ و کفرەدۆر)ی سەر بە قەزای کۆیە، نیازی ئەوەیان هەیە هێرشبکەنە سەر فەرماندەیی کەرتی سەربازیی کۆیە (امریة قاطع کویسنجق العسکري). هەر لە برووسکەکەدا ئاماژەکراوە، کە لە هەمان شەودا (١٨/١٧ی ئادار) تیپی (٨٦)ی دەشتی هەولێر بە فەرماندەیی (غەفور ئەحمەد دەروێش) گەیشتوونەتە هەردوو گوندی (پێبازۆك و قەیسەری)ی سەر بە ناحیەی ناوەندی کۆیە، بە مەبەستی هێرشکردنە سەر ڕەبییەکانی دەوروبەری شاری کۆیە (مدیریة امن اربیل، ١٩٨٧ /٣/٢٠). هەروەها لە برووسکەیەکی لێژنەی هەماهەنگی ناوەندی ئەمن (لجنة التنسیق الامني المرکزیة) بۆ لێژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێر لە ١٧ی ئاداری ١٩٨٧ دا هێمادراوە، کە پێشمەرگەکانی یەکێتی نیازیانوایە هێرشبکەنە سەر قەزای کۆیە، بۆیە داواکراوە ڕێکاری پێویست بگرنەبەر بۆ شکستپێهێنانی ئەم هەوڵە (لجنة التنسیق الامني المرکزیة، ١٩٨٧ /٣/١٧). لە برووسکەیەکی تری ئەمنیی هەولێر لە ٢١ی ئاداری ١٩٨٧ دا ئاماژەکراوە، کە ئەو تیپانەی لە برووسکەی ژمارە (١٤٥٧) دا ناویانهاتووە، ئەمشەو، یا سبەی شەو هێرشدەکەنە سەر ڕەبییەکانی کۆیە، یا ناحیەی تەقتەق (مدیریة امن اربیل، ١٩٨٧ /٣/٢١). لە میانەی خستنەڕووی زانیارییەکانی سەرەوە تێبینیدەکرێت، زانیارییەکانی دەستگا ئەمنییەکانی حوکومەت بەر لە دەستپێکردنی چالاکییەکانی پێشمەرگە تا ڕادەیەکی باش وردبوون. هەندێك کات ئەو وادەیەی، کە بۆ لێدانی ڕەبیە و شوێنە سەربازییەکانی حوکومەت دانراوە، لەکاتی خۆیدا جێبەجێکراوە.

٢-چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگە

چالاکییە سەربازییەکانی هێزەکانی پێشمەرگە لە سەرەتاکانی ساڵی ١٩٨٧ بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە جۆراوجۆر بووە. هەندێك لەوانە دانانەوەی بۆسە و دانانی بازگە بووە لەسەر ڕێگا سەرەکییەکاندا. هەندێکی تر لێدانی ڕەبییەکانی سەرباز و جاشەکانی حوکومەت بووە، بەتایبەتی ئەو ڕەبیانەی، کە کەوتبوونە سەر ڕێگا سەرەکییەکان. یەکێك لە دانیشتووانی گوندی گۆپتەپە ئاماژەدەدات، چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگە دژی حوکومەت، زیاتر لە شەودا دەستیپێدەکرد، بەتایبەت هەڵکوتانە سەر ڕەبییەکان، ئەوان لە شێوەی مەفرەزەی بچووک بەسەر گوندەکانی ناوچەکە دابەشدەبوون، هەندێکیان لە ناو ماڵەکاندا دەمانەوە، ئینجا لە درەنگانی شەو بۆ چالاکییەکانیان دەردەچوون (گۆپتەپەیی، ٢٠٢١/١٠/١٠). بەڵگەنامە فەرمییەکانی حوکومەت چەندین جۆر لە چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگەیان لە دژی هێزەکانی حوکومەت تۆمار کردووە. بۆیە لە خوارەوە بە پشتبەستن بەو بەڵگەنامانە و بە بەراوردکردنی لەگەڵ هەندێك زانیاریی هاوچەرخان و بەشداربووانی ئەو چالاکییانە، ڕەهەندەکانی بابەتە ڕووندەکەینەوە.

لە ماوەی هەشتاکاندا، دانانی بازگە لەسەر ڕێگە گشتییەکاندا، بەتایبەتی ڕێگای گشتی هەولێر- کۆیە یەکێك بووە لە چالاکییە گرنگەکانی هێزەکانی پێشمەرگە. لەو بازگانەدا هەندێکجار لەو هێزە نیزامیی و جاشانەی حوکومەت دراوە، کە بەوێدا تێدەپەڕین، یان لە هەندێك کاتدا کەسانی سەر بە حیزبی بەعس و جاشیان گرتووە و دەستیانگرتووە بەسەر ئۆتۆمبێلەکانیاندا.

ناوچەکانی قەزای کۆیە چەندین چالاکیی لەم شێوەیەی بەخۆیەوە بینیووە، بەتایبەتی لەسەر ڕێگای سەرەکیی هەولێر- کۆیە. لەو بارەیەشەوە بەڵگەنامە و نووسراوە فەرمییەکانی حوکومەت ئاماژەیان بە چەندین حاڵەت کردووە. بۆ نموونە بەگوێرەی برووسکەیەکی نهێنیی و بەپەلەی کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر لە ١ی ئاداری ١٩٨٧ لەسەر

ڕێگای تەقتەق ئۆتۆمبێلێك لەگەڵ شۆفێرەکەی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە ڕفێندراوە. دوای (٢٣) ڕۆژ لە ٢٤ی ئازاردا شۆفێرەکە ئازادکراوە و ئۆتۆمبێلەکەشی بۆ گەڕێندراوەتەوە (محافظة اربيل- الشؤون الداخلية، ٣/٢٩/ ١٩٨٧). لە برووسکەیەکی نهێنیی و بەڤپەلەی تردا، کە بەڕێوەبەرایەتی ئەمنیتردا هەولێر لە ١٥ی ئاداری ١٩٨٧ بۆ لێژنەی ئەمنیی پارێزگای هەولێر و سەرکردایەتی لقی هەولێری حیزبی بەعسی ناردووە، ئاماژەکراوە لە ڕۆژی ١١ی ئازاری ١٩٨٧ لەلایەن کۆمەڵێك پێشمەرگەی حیزبی شیوعیی لە نزیك گوندی (تەکەور)ی سەر بە ناحیەی شۆڕش دەستبەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری (لاندگرۆزەر) ژمارە (٦٧٥٦/سلێمانی) مۆدێل ١٩٧٩ دا گیراوە، کە شۆفێرەکەی دانیشتووی ڕانیە بووە. لە بەڵگەنامەکەدا ئەوە ئاشکرانەکراوە، خاوەنی ئۆتۆمبێلەکە ئەندامی حیزبی بەعس، یا چەکداری حوکومەت ، یا هاوڵاتییەکی ئاسایی بووە (مديرية أمن اربيل، ٣/١٥/ ١٩٨٧).

لە برووسکەیەکی بەپەلەی کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر بۆ فەیلەقی (٥) و بەڕێوەبەرایەتیی کاروباری نهێنیی و سیاسیی وەزارەتی ناوخۆ و نووسینگەی ڕێکخستنی باکووری حیزبی بەعس لە ١٨ی ئاداری ١٩٨٧ لەبارەی ئەوەوە هۆشداریيدراوە، کە حیزبی شیوعی پێشمەرگەکانی خۆی ڕاسپاردووە بۆ بەجێهێنانی «کاری تێکدەرانە» و ڕفاندنی خەڵك و ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگای گشتیی هەولێر- کۆیە. هەروەها لە برووسکەکەدا ڕوونکراوەتەوە ئەو پێشمەرگانەی، کە ئەو ئەرکەیان پێسپێردراوە ئۆتۆمبێلی جۆری بەرازیلیان پێبووە (محافظة اربيل-الشؤون الداخلية، ٣/١٨/ ١٩٨٧) ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاستییەیە، کە پێشتر دەستگاکانی حوکومەت زانیارییان لەبارەی ئەو چالاکییە هەبووە.

لە درێژەی چالاکییەکانی پێشمەرگە و دانانەوەی بۆسە لەسەر ڕێگاکاندا بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکان. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنیی پارێزگای هەولێر، لە کاتژمێر (٦)ی سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٠ی نیسانی ١٩٨٧ ژمارەیەك پێشمەرگەی سەر بە حیزبی سۆسیالیستی کوردستان بە لێپرسراوێتی تەحسین محەمەد (١٩٥٥-١٩٨٧)ی فەرماندەی هەرێمی (١٠)ی سەفین لەسەر ڕێگای گشتیی هەولێر-کۆیە لە نێوان ناحیەی شۆڕش و گوندی (دەربەندی گۆمەسپان) و لە نزیك ئۆردوگای هاوچەرخی (شۆڕش) لە بۆسەیەکدا تەقەیانکردووە لە ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەرازیلی ڕەنگ سوور، کە پێنج جاشی سەر بە فەوجی (٣١)ی تێدابووە، لە ئەنجامدا جاشێك کوژراوە. بەڵام دواتر جاشەکانی فەوجەکانی (١٩ و ٣١ و ٤٠) و بەشێك لە دانیشتوانی کۆمەڵگای هاوچەرخی شۆڕش و هێزێکی سەربازی ڕووبەڕووی هێزەکەی پێشمەرگە بوونەتەوە و ژمارەیەك فڕۆکەی جەنگییش بەشداریان تێداکردووە و بۆردومانی هێزەکەیان کردووە. لە ئەنجامدا (٦) پێشمەرگە کوژراون، کە یەکێکیان (تەحسین محەمەد) بووە (محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٤/١٢/ ١٩٨٧).

ئەمە گێڕانەوەی حکوومەتە بۆ ڕووداوەکە، بەڵام بەگوێرەی وتەی یەکێك لە بەشداربووانی ئەو چالاکییە، وردەکاریی شەڕەکە بەم شێوەیە بووە: لە ١٠ی ئاداری ١٩٨٧ دا پێشمەرگەکانی لقی هەولێر و هەرێمەکانی (٨، ٩، ١٠) و هێزەکانی (دێدەوان) و (هەیبەت سوڵتان) و کەرتی (ناودەشت)ی حیزبی سۆسیالست بە بەمەبەستی دانانی بۆسەیەك بۆ لێدانی فەرماندەی فەیلەقێك، کە هەواڵیان بۆ هاتبوو بەوێدا تێدەپەڕێت، ڕێگای گشتی هەولێر- کۆیەیان لەنزیك دێگەڵە کۆنترۆڵکرد و ئۆتۆمبێلێکی زۆریان لەسەر جادەکە ڕاگرت. بەڵام دوای ئەوەی یەکێك لە جاشەکانی ئۆردوگای (دێگەڵە) بە هەڵە بە ئۆتۆمبێلێك بەرەو بۆسەکە دێت و دەگەڕێتەوە، پێشمەرگەکانیش تەقەی لێدەکەن و برینداردەبێت. لە ئەنجامدا هێزێکی زۆری سەرباز و جاشی حوکومەت هێرشدەکەنە سەر هێزەکانی پێشمەرگە، کە تانك و هەلیکۆپتەری جەنگیان لەگەڵدا بوو. لە کاتژمێر (١٠) بەیانییەوە شەڕ دەستپێکرد. دواتر پێشمەرگەکان بەرەو شاخی پشت دێگەڵە کشانەوە و ڕووبەڕووی بۆردومانی هەلیکۆپتەرەکان بوونەوە، بەڵام زیانیان بەرنەکەوت. کاتێ گەیشتنە سەر شاخەکە

جاش و سەرباز پشتی ئەوانیان گرتبوو. چونکە ئەوانەی لەسەر شاخ، کە پێشتر وەکو هێزی پشتیوانیی دامەزرابوون، کە دەبوایە ئەو هێزەی سەر جادە وەربگرێتەوە و بیانپارێزێت، زوو کشابوونەوە و شوێنی خۆیان چۆڵکردبوو. بۆیە هێزەکانی پێشمەرگە لە خوارەوە بە شەڕ پاشەکشەدەکەن و پەرتەوازەدەبن. (تەحسین محەمەد)ی لێپرسراوی هەرێمی (١٠)ی سەفین پێیوابوو ژمارەیەك پێشمەرگەی دیارنین و، لەوانەیە لە خوارەوەی شاخەکە گەمارۆدرابن، بۆیە لەگەڵ سێ پێشمەرگە لە شاخەکەوە هاتنەخوارەوە، بۆ گەڕان بەدوایان. هەرچەندە پێیان راگەیاندبوو، کە نەچێتە خوارەوە و هیچ پێشمەرگەیەك لە خوارەوە نەماوە و، ئەوەی دەبینرێت جاش و سەربازن. بەڵام ئەو بەرەو رۆژهەڵاتی گوندی (ونکە) رۆیشت و لەوێدا تووشی شەڕێکی سەخت بوو لەگەڵ سەرباز و جاشەکاندا، کە تا ئێوارە شەڕ بەردەوامبوو. دواتر تەحسین لەگەڵ هەر سێ پێشمەرگەکە کوژران و، تەرمی ناوبراو کەوتە بەردەستی هێزەکانی حوکومەت (شۆڕش، ١٠/ ٤/ ٢٠٢١).

جگە لە بۆسەدانانەوە بۆ هێزەکانی حوکومەت ، جۆرێکی تری چالاکی هێزەکانی پێشمەرگە لێدانی رەبیەکانی حکوومەت بوون. نزیکەی مانگێک بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە، ژمارەیەکی زۆر لە رەبییەکانی حکوومەت، کە هەندێکیان سەرباز، یا جاش، یا جەیشی شەعبیان تێدابوو، لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە هێرشیان کراوەتە سەر، لە ئەنجامیشدا یا ڕەبییەکە بەتەواویی کۆنترۆڵکراوە و دەستگیراوە بەسەر کەلوپەلەکانی ناویدا، یا زیانی پێگەیشتووە و جاش و سەربازەکانی ناویی کوژراون و برینداربوون. بەگوێرەی برۆسکەیەکی نهێنیی و بەپەلەی کاروباری ناوخۆی پارێزگای هەولێر لە کاتژمێر (١:٣٠)ی شەوی ٢٢/٢١ی ئاداری ١٩٨٧ پێشمەرگەکانی یەکێتی هێرشیانکردووەتە سەر رەبییەکی جاش نزیك رێگای گشتیی هەولێر-کۆیە لە نێوان ناحیەی شۆڕش و گوندی (گۆمەتاڵ). رەبییەکە سەر بە فەوجی (١٩) بوو. لە هێرشەکەدا پێشمەرگەکان ئاربیجی و نارنجۆکی دەستیان بەکارهێناوە. لە ئەنجامدا (٧) جاش کوژراون. توانیوویانە رەبییەکە بگرن و دەستبگرن بەسەر چەندین کەلوپەلی ناویدا، لەوانە (٧) کلاشینکۆف و یەك ئاربیجی و یەك برنەو و بڕێکی زۆر تەقەمەنیی و چەندین بەڵگەنامەی پەیوەندییدار بە کاروباری فەوجەکە. دواتر پێشمەرگەکان شوێنەکەیان بەجێهێشتووە و لەلایەن ئۆتۆمبێلێکی فریاکەوتنەوە تەرمی جاشەکان بۆ بنکەی تەندروستی ناحیەی شۆڕش گواستراوەتەوە و، لەوێشەوە بۆ نەخۆشخانەی شەهیدانی موسڵ رەوانەکراون (محافظة اربيل- الشؤون الداخلية، ٣/٢٣/ ١٩٨٧). هەروەها لە ئێوارەی رۆژی ٢٥ی ئازاری ١٩٨٧ دا پێشمەرگەکانی یەکێتی بە بەکارهێنانی چەکی ئاربیجیی هێرشیانکردووەتە سەر رەبییەیەکی سەر بە جەیشی شەعبیی لە نزیك گوندی (شیلێ)ی سەر بە ناحیەی ناوەندی قەزای کۆیە، لە ئەنجامدا چەکدارێکی تەمەن (٤٥) ساڵی برینداربووە، بەڵام بەبێ ئەوەی رەبییەکە دەستی بەسەردا بگیرێت (محافظة اربيل- الشؤون الداخلية، ٣/٢٩/ ١٩٨٧).

تەوەرەی دووەم/ هەڵوێست و چالاکییە سەربازییەکانی پێشمەرگە لەکاتی جێبەجێکردنی پرۆسەی وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە (نیسان-ئەیلوولی ١٩٨٧)

هێزەکانی پێشمەرگە لە بەرامبەر راگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە بە چەندین شێوازی جیا جیا کاردانەوەیان هەبووە. لەوانەش، ئامادەباشیی و بەجێهێنانی چالاکی سەربازیی دژ بە سوپا و جاش و دامەزراوە حکومییەکان. هەروەها هاندانی دانیشتوانی گوندەکان بۆ سازدانی خۆپیشاندان و مانگرتن لەدژی حوکومەت. بەگوێرەی بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەت چەند رۆژێك بەر لە دەستپێکردنی پرۆسەی راگواستن و وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە، هێزەکانی پێشمەرگە لە نزیکەوە چاودێریی بارودۆخەکەیان کردووە و، هێزیان لەو ناوچانە

کۆکردووەتـەوە. بەگوێـرەی نووسراوێکـی نهێنیـی پارێـزگای هەولێـر لـە ٨ی نیسـانی ١٩٨٧ نزیکـەی (١٧٠٠) پێشـمەرگەی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان و حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان و حیزبـی شـیوعیی عێـراق لـە گونـدە قەدەغەکراوەکانـی سـەر بـە قـەزای کۆیـە لـە پشـت چیـای هەیبـەت سـوڵتان، ئامادەسازییان کـردووە بـۆ هێرشـکردنە سـەر سـوپای حوکومـەت ، کـە (١٢) دۆشـکە و (٦) تۆپـی (١٠٦ ملـم) یـان پێبـووە (محافظـة اربيل-الشـؤون الداخليـة، ٤/٨/ ١٩٨٧).

لە برووسـکەیەکی نهێنیی و بەپەلەی پارێزگای هەولێر لە ١٨ی نیسـانی ١٩٨٧ بۆ فەرماندەیی فەیلەقی (٥) و سـەرکردایەتیی نووسـینگەی ڕێکخسـتنی باکوور، ئـەوە خراوەتـەڕوو، کـە چەندیـن مەفـرەزەی پێشـمەرگە پێکهاتـوون بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی هـەر هێزێکـی سـەربازیی، کـە هەوڵبـدات گونـدەکان وێرانبـکات. هەروەهـا لـە برووسـکەکەدا ئاماژەکـراوە کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە هەوڵـدەدەن بڕیـاری وێرانکردنـی گونـدەکان بـۆ بەرژەونـدی خۆیـان بقۆزنـەوە، ئەمـەش لەمیانـەی هاندانـی خەڵـك، بەتایبەتـی گەنجـەکان هەتـا پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانیانـەوە بکـەن. بۆیـە پارێـزگا داوایکـردووە پەیامـی ڕاگەیاندنـی حوکومـەت چڕتربکرێتـەوە و دانیشـتوانی ناوچەکـە دڵنیابکرێنـەوە لـەوەی حکوومـەت زیانیـان پێناگەیەنـن، بـۆ ئـەوەی پێشـمەرگە سـوود لـەو دەرفەتـە نەبینـن. لەلایەکـی تـرەوە، هـەر لـە برووسـکەکەدا ئاماژەکـراوە، هێزەکانـی پێشـمەرگە لـەو گونـدە قەدەغەکراوانـەی، کـە بڕیـاری ڕاگواسـتن دەیانگرێتـەوە، دەسـوڕێنەوە و بـە خەڵکەکـە ڕادەگەیەنـن، دەسـەڵاتی بەعس لـە کۆمەڵگاکانـدا نیشـتەجێیاندەکەن و هەمـوو ئـەو کەسـانەی کـە لـە خزمەتـی سـەربازی هەڵهاتـوون، دەسـتگیردەکەن و حوکمـی لەسـێدارەدانیان بەسـەردا دەسـەپێنن و خێزانەکانیشـیان دەستبەسـەردەکەن. وەك چـۆن بارزانییەکانیان بێسەروشـوێن کـرد، بۆیـە داوایـان لـە خەڵکەکـە کـردووە، کـە کەرەسـتە و کەلوپەلەکانـی نـاو ماڵیـان بفرۆشـن و گوندەکانیـان جێبهێڵـن، بـەر لـەوەی پرۆسـەی ڕاگواسـتن دەسـتپێبکات (محافظـة اربيل-اللجنـة الامنيـة، ٤/١٨/ ١٩٨٧).

بەرپرسـانی پۆلیسـیش وریاییـان لەبـارەی کاردانـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە داوە. لەوبارەیـەوە (لوقـمان حامـد سـەلیم)ی بەڕێوەبـەری پۆلیسـی هەولێـر لـە ٢٠ی نیسـانی ١٩٨٧ دا لـە برووسـکەیەکی نهێنیـی و بەپەلـەدا بـۆ سـەرجەم بەڕێوەبەرایەتییەکانـی پۆلیـس لـە چالاکیـی پێشـمەرگە ئاگاداریکردوونەتـەوە، لـە برووسـکەکەدا هاتـووە: «زانیارییـەکان ئامـاژە بـەوە دەکـەن، کـە تێکـدەرەکان نیازیـان هەیـە کاری تێکدەرانـە دژ بـە دامـەزراوە گرنگـەکان بکـەن، ئەمـەش وەك کاردانەوەیـەك لەبەرامبـەر ڕێکارە تایبەتـەکان بـۆ ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی گونـدە قەدەغەکـراوەکان» (مديريـة شرطـة اربيـل، ٤/١٠/ ١٩٨٧). بەشـێوەیەکی گشـتیی هەڵوێسـتی هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە بەرامبـەر ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە چەنـد شـێوازێکی وەرگرتـووە، کـە بریتیـن لـە هانـدانی گوندنشـینەکان بـۆ خۆپیشـاندان و مانگرتـن لـە دژی ڕێکارەکانـی حکوومـەت بـۆ وێرانکردنـی گونـدەکان، هەروەهـا لێدانـی ڕاسـتەوخۆ لـەو سـوپا و جاشـانەی، کـە ڕاسـپێردرابوون بـۆ وێرانکردنـی گونـدەکان. بۆیـە لـە خـوارەوەدا باسـی هەریەکێـك لەمانـە دەکەیـن.

١- هاندانی گوندنشینەکان بۆ خۆپیشاندان و مانگرتن لەدژی ڕاگواستن و وێرانکردنی گوندەکان

هانـدانی گوندنشـینەکان بـۆ خۆپیشـاندان و مانگرتـن لـەدژی حوکومـەت، یەکێـك لـە شـێوازەکانی کاردانـەوە و هەڵوێسـتی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـووە لـەدژی وێرانکردنـی گونـدەکان. لـەم چوارچێوەیـەدا لـە برووسـکەیەکی نهێنیـی و بەپەلـەی بەڕێوەبەرایەتیـی ئەمنیـی هەولێـر لـە ٢١ی نیسـانی ١٩٨٧ دا بـۆ لێژنـەی ئەمنیـی پارێـزگای هەولێـر ئاماژەکـراوە لـە شـەوی ٢٠-٢١ی نیسـاندا هێزەکانـی پێشـمەرگە لـە ڕێگـەی بڵندگـۆی مزگەوتـی بەشـێك لـە گونـدە قەدەغەکراوەکانـەوە، داوایـان لـە گوندنشـینەکان کـردووە لـە ڕۆژی ٢٣ی نیسـان لـە نـاو شـاری هەولێـر لـە نزیـك قـەڵات کۆببنـەوە و خۆپیشـاندانێك دژ بـە ڕاگواسـتنی گونـدەکان ڕێکبخـەن (مديريـة امـن محافظـة اربيـل، ٤/٢/ ١٩٨٧). پارێـزگای هەولێریـش حاڵەتـی ئامادەباشـیی

بـۆ پلـەی (ج) لـە سـەرجەم دەزگا ئەمنیـی و سـەربازییەکانی شـاری هەولێـر بەرزکردووەتـەوە و، داوایکـردووە دەبێـت بـە هەمـوو شـێوەیەك ڕێگـە لـە خۆپیشـاندان بگیرێـت (محافظـة اربیل-اللجنـة الامنیـة، ٤/٢٢/ ١٩٨٧). لـە برووسـکەیەکی تـری بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی هەولێـر لـە ٢٢ی نیسـانی ١٩٨٧ بـۆ پارێـزگای هەولێـر ئاماژەکـراوە، هێزەکانـی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان ژمارەیـەك دوکانـداری گەڕەکـی (کـوران) و گەڕەکـی پیشەسـازیی شـاری هەولێریـان ئاگادارکردووەتـەوە، کـە ڕۆژی ٢٣ی نیسـان وەك ناڕەزاییـەك لـە بەرامبـەر ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گونـدەکان، دوکانەکانیـان نەکەنـەوە. هەروەهـا لـە برووسـکەکەدا هاتـووە: «بەگوێـرەی زانیارییەکانمـان ئـەو ئاگادارکردنەوەیـە گەیشـتووەتە بەشـێك لـە قوتابـی کۆلێـژ و قوتابخانـەکان» (مدیریـة امـن محافظـة اربیـل، ٤/٢٢/ ١٩٨٧). بـەم شـێوەیەش وشـیارکردنەوە و هاندانـی خەڵکـی کوردسـتان لـە بەرامبـەر سیاسـەتی ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گونـدەکان، لەلایـەن هێزەکانـی پێشـمەرگە بایەخپێـدراوە و ئەمـە بـووە بـە مایـەی نانـەوەی تـرس و بییـم لـە نـاو دەزگا ئەمنییـی و سـەربازی و کارگێڕییەکانـی حوکومـەت.

٢- لێدانی سوپا و جاشی ڕاسپێردراو بۆ وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە

یەکێـك لـە دیارتریـن هەڵوێسـتی هێزەکانـی پێشـمەرگە لەکاتـی پرۆسـەی ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە، ڕووبەڕووبوونـەوەی ئـەو هێزانـەی حوکومـەت بـووە، کـە ڕاسـپێردرابوون بـۆ وێرانکردنـی گوندەکانـی قەزاکـە. بۆیـە لـە چەنـد شـوێنێکی قەزاکـە لـە ڕێگـەی دانانـەوەی بۆسـە بـۆ سـوپا و جاشـەکانی حوکومـەت، زیانـی گەورەیـان بـەو هێزانـە گەیانـدووە. بەگوێـرەی نووسراوێکـی نهێنیـی لێژنـەی ئەمنیـی پارێـزگای هەولێـر لـە ٢٨ی نیسـانی ١٩٨٧، لـە کاتژمێـر (٧)ی سـەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٦ی نیسـانی ١٩٨٧ هێزێکـی سـوپا و جـاش لەکاتـی گەڕانەوەیـان، دوای وێرانکردنـی هـەردوو گونـدی (مـەرزان و ئیلنجاغـی گـەورە)ی سـەر بـە قـەزای تەقتـەق، کەوتوونەتـە نـاو بۆسـەیەکی پێشـمەرگەکانی یەکێتـی نیشـتمانی کوردسـتان، لـە ئەنجامـدا (٦) جـاش و ئەندامێکـی فەرمانـدەی فیرقـەی کۆیـە بەنـاوی (حەمیـد عەبـاس) کـوژراون و (٣) کەسـی دیکـەش بریندارب‌ـوون. هەروەهـا (١٣) کەسـی تـر بـە دیلگیـراون، کـە (١٠) لەوانـە سـەرباز و جـاش بـوون و (٣) کەسیشـیان شـۆفێری شـۆفڵ بـوون. ئەمـە جگـە لـەوەی کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە دەسـتیانگرتووە بەسـەر بڕێکـی زۆر لـە ئامێـر و چـەك و ئۆتۆمبێلـدا، کـە ئەمانـە بـوون: (٤) ئۆتۆمبێلـی سـەربازیی جـۆری (ئیڤا)، ئۆتۆمبێلێکـی لاندکـرۆزەر پیکـەپ، ئامێرێکـی لاسـلکی، هاوەنێکـی (١٠٠ملـم)ی جـۆری چینیـی، (٦٠) مووشـەکی جـۆری ئـاڕ بـی جـی، (٨٠) نارنجۆکـی دیەسـتیی، (١٠) تفەنگـی کلاشـینکۆف، (٥٤) مەخزەنـی کلاشـینکۆف، (٢٠٠) فیشـەکی بیکەیسـیی، (٦) مەخزەنـی قەنناس، (٦) شریتـی فیشـەکی تەکتریـۆف. جگـە لەمانـە چەندیـن ئۆتۆمبێـل و پارچـە چـەك و تەقەمەنیـی لـە کاتـی هێرشـەکەدا سـووتاون و لەناوچـوون، لەوانـەش: (٤) ئۆتۆمبێلـی جـۆری لاندکـرۆزەر پیکابـی سـەربازیی، (٣) شـۆفڵی سـەر بـە بەڕێوەبەرایەتیـی ڕێگاوبانـی هەولێـر، کـە بـۆ وێرانکردنـی گونـدەکان بەکارهاتـوون، (٢٦) هـەزار فیشـەکی کلاشـینکۆف، (٢٣) هـەزار فیشـەکی بیکەیسیی (محافظـة اربیل-اللجنـة الامنیـة، ٤/٢٨/ ١٩٨٧). ڕۆژێـك دوای ئـەو چالاکییـە، واتە ٢٨ی نیسـان، مەفرەزەیەکی سـەر بـە پێشـمەرگەکانی حیزبـی شـیوعیی عێـراق لـە نزیـك گونـدی (باوەقـوب)ی سـەر بـە ناحیـەی دێگەڵـە هێرشـیانکردووەتە سـەر ڕەبایەیەکـی جاشـی سـەر بـە فەوجـی (٩)، لـە ئەنجامـدا جاشـێکی نـاو ڕەبایەکـە بریندارب‌ـووە (محافظـة اربیـل- مدیریـة الشـؤون الداخلیـة، ٤/٢٨/ ١٩٨٧).

هـەر لـە درێـژەی چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، بەگوێـرەی برووسـکەیەکی بەپەلـە و نهێنیـی سـەرکردایەتیی لقـی هەولێـری حیزبـی بەعـس بـۆ فەرماندەیـی فەیلەقـی (٥)، لـە ٣٠ی نیسـانی ١٩٨٧ دا پێشـمەرگەکانی تیپـی (٩٣)ی دەشـتی کۆیـەی سـەر بـە یەکێتـی و، ژمارەیـەك پێشـمەرگەی سـەر بـە حیزبـی شـیوعیی، لەسـەر ڕێـگای هـەردوو گونـدی (مـەلا زیـاد و گرمـك

ساتوقەڵا)ی سەر بە ناحیەی تەقتەق، چاڵیان هەڵکەندووە بەمەبەستی بەکارهێنانیان بۆ بۆسەدانانەوە و لێدانی ئەو هێزە سەربازییانەی کە راسپێردرابوون بۆ کاولکردنی گوندەکان (قیادة فرع اربیل، ۱۹۸۷/٤/۳۰، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -۱-). هەروەها لە برووسکەیەکی ئەمنیی هەولێر لە ۷ی ئایاری ۱۹۸۷ دا بۆ فەیلەقی (۱) و پارێزگای هەولێر ئاماژەکراوە کە پێشمەرگەکانی هەردوو تیپی (۸٦ و ۹۹)ی سەر بە یەکێتی لە گوندەکانی (کانیبیی و قزلو و دۆندار)ی سەر بە قەزای کۆیە کۆبوونەتەوە و، نیازیان وایە هێرشبکەنە سەر ئەو هێزە سەربازییەی کە گوندەکان وێراندەکەن (مدیریة امن اربیل، ۱۹۸۷/٥/۷، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە-۲-). هەر لە هەمان رۆژدا لە برووسکەیەکی تری ئەمنی هەولێر ئەوە ئاشکراکراوە، کە پێشمەرگەکانی یەکێتی چەکیان بەسەر دانیشتوانی گوندەکانی (ناسراغا و چۆم حەیدەر و گرمك ساتوقەڵا و تەکەلتوو)ی سەر بە قەزای کۆیە دابەشکردووە. بۆ هەر گوندێك سێ چەکی ئارپیکە و بیکەیسی لەگەڵ (۳۰) تفەنگی کلاشینکۆفیان پێداون (مدیریة امن اربیل، ۱۹۸۷/٥/۷، رقم المنشیء/۳۱۲۰). پێدەچێ لەم بەڵگەنامەیەدا زێدەڕۆیی لە ژمارەی ئەو چەکانەدا کرابێت، کە یەکێتی بەسەر گوندەکان دابەشیکردووە، چونکە ژمارەی چەکەکان زۆرە و لەگەڵ توانای چەك و جبەخانەی ئەو کاتەی پێشمەرگەدا ناگونجێت.

بەشێوەیەکی گشتیی، لەم بەڵگەنامانەدا دەردەکەوێت کە دەزگا ئەمنییەکان زانیاریی وردی پێشوەختەیان لەسەر چالاکییەکانی پێشمەرگە، لە پێش راگواستن و دوای راگواستنی گوندەکان هەبووە، وەک ژمارەی پێشمەرگەکان، تیپەکانی سەر بە هێزی پێشمەرگە، جۆری چالاکییەکە، ئەو شوێنەی هێرشدەکرێتە سەری، ئەمەش بەڵگەیە لەسەر بەهێزی دەزگاکانی هەواڵگریی سەر بە حوکومەت و هەبوونی سیخوڕ لە ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە لەلایەک و، بەهێزیی و تاکتیکی خێرا و لێزانانەی هێزەکانی پێشمەرگە لەلایەکی ترەوە. سەبارەت بە هەبوونی سیخوڕ و خۆخزاندنە ناوی دەستگا هەواڵگرییەکانی حوکومەت بۆ ناو ریزەکانی پێشمەرگە، یەکێك لە پێشمەرگەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان بەناوی (حاتەم عوسمان گۆمەتاڵی)، لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا باس لە سیخوڕێك دەکات بەناوی (دڵشاد عومەر)، کە لە ساڵی ۱۹۸۷ دا لە ناو ریزەکانی حزبی سۆسیالیست کاریکردووە و، دواتر توانیویەتی شەش پێشمەرگە رادەستی حکوومەت بکاتەوە، کە چواریان لە سێدارە دران و دووانیشیان بەر لێبووردن کەوتن و، دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر ئازادکران (گۆمەتاڵی، ۲۰۲۲، ل٥٠-٥۲).

سەرەڕای هەبوونی سیخوڕ و زانیاریی پێشوەختە لەسەر چالاکییەکان، بەڵام لە زۆر کاتدا پێشمەرگە توانیویەتی چالاکییەکەی خۆی سەرکەوتووانە بەجێبهێنێت. بۆ نموونە، رەفعەت عەبدوڵڵا پیرداود (۱۹٥۲-۱۹۹٤) ناسراو بە ڕێباز، لە بیرەوەرییەکانییدا بە ناوی (قەندیل بەغدای هەژاند)، ئاماژە بە چۆنیەتیی جێبەجێکردنی ئەو پلانانە دەکات، کە لە بەڵگەنامەکاندا هاتووە. ناوبراو ئاماژەی بۆ ئەوە دەکات لە رۆژی ۲۹ی ئایاری ۱۹۸۷ دوای کۆبوونەوەیەکی چەند کاتژمێریی، لە چەند قۆڵێکەوە هێرشکراوەتە سەر هێزەکانی حوکومەت لە کۆیە و تەقتەق، وەک:

۱. قۆڵی یەکەم: هێرشکراوەتە سەر سەربازگەی قەڵاتە، کە لە لایەن یەکەیەکی جەیشی شەعبییەوە پارێزگاری لێدەکرا، لەم هێرشەدا هێزەکانی پێشمەرگە توانیوویانە دەستبگرن بەسەر سەربازگەکەدا \ و (۳۰) ئەندامی جەیشی شەعبیی بکوژن و، دەستبگرن بەسەر هەندێک چەکی قورسی ناو سەربازگەکەشدا.

۲. قۆڵی دووەم: تیپی ۸٦ی دەشتی هەولێر بۆ سەر رۆژئاوای تەقتەق بەجێیهێناوە، توانیوویانە دەستبگرن بەسەر سێ ڕەبایەدا و ژمارەیەک چەکیان دەستکەوتووە و (۱۰) جاشیان بە دیلگرتووە، بەمەش رێگای تەقتەق بۆ رووباری کۆیە کەوتووەتە دەست پێشمەرگە.

٣. قۆڵی سێیەم: تیپی ٨٥ و ٩٣ بۆ سەر ڕۆژهەڵاتی كۆیە بەجێیهێناوە، توانیویانە دەستبگرن بەسەر ڕەبایەیەكدا.

٤. قۆڵـی چـوارەم: تیپـی ٨٧ بۆسـەر بـارەگای فەوجـی جاشـەكان لـە نزیـك تەقتـەق بەجییهێنـاوە، دەسـتیانگرتووە بەسـەر بارەگاكـەدا و ژمارەیـەك چـەك دەسـت هێزەكانـی پێشـمەرگە كەوتـووە.

٥. قۆڵـی پێنجـەم: لـە ژمارەیـەك تیپـی هێزەكانـی پێشـمەرگە پێكهاتبـوون، توانیـان بـۆ مـاوەی یـەك شـەو بەتەواویـی دەسـتبگرن بەسـەر شـارۆچكەی تەقتەقـدا (ڕێبـاز، ٢٠٠٨، ل٤٠٩).

لـە چالاكییەكـی تـردا، هـەر لـە ئایاری ١٩٨٧ مەفرەزەیەكـی حیزبـی شـیوعی بە چەكـی ئاربیجیی و رەشـاش و چەكی سـووك هێرشـیانكردووەتە سـەر ناحیـەی شـۆڕش و رەبایەكانـی دەوروبـەری ناحیەكـە، توانیویانـە دەسـتبگرن بەسـەر ڕەبایەیەكـی جاشـی سـەر بـە فەوجـی (١٩)دا و بیسـووتێنن (قائمقامیـة قضـاء اربیـل، ٢٦/٥ /١٩٨٧).

شـوێنی ئاماژەپێدانـە، هێزەكانـی پێشـمەرگە لـە چەندیـن شـوێنی تـری قـەزای كۆیـە، ئامادەییـان هەبـووە بـۆ لێدانـی ئـەو هێزانـەی حوكومـەت ، كـە هاتـوون بـۆ وێرانكردنـی گونـدەكان، بـەڵام لەلایـەن سـەركردایەتیی حیزبەكانـەوە ڕێگرییـان لێكراوە ئـەو كارە بكـەن، چونكـە ئەمـە دەبـوو بـە مایـەی زیانگەیانـدن بـە گوندنیشـنەكان. لـەم بارەیـەوە یەكێك لـە پێشـمەرگەكانی سـەر بـە حیزبـی سۆسیالیسـت، كـە لـە كاتـی هاتنـی هێزەكانـی حوكومـەت بـۆ وێرانكردنـی گونـدی (گۆمەتـاڵ)ی سـەر بـە ناحیـەی شـۆڕش لـە ٣٠ی نیسـانی ١٩٨٧ لەگـەڵ ژمارەیـەك پێشـمەرگەی تـردا، لـە نزیكـەوە چاودێریـی هێزەكانـی حوكومـەت كـردووە و ویسـتوویانە لـەو هێزانـە بـدەن، بـەڵام لـە سـەركردایەتی حیزبـەوە فەرمانیـان پێكـراوە ئـەو چالاكییـە بەجێنەهێنـن، ئەمـەش بـۆ پاراسـتنی گیانـی گوندنیشـنەكان لـە هـەر هێـرش و پەلامارێكـی سـەربازی حوكومـەت بـۆ سـەریان (گۆمەتاڵـی، ٢٣/٥ /٢٠٢٠).

لـە مانگـی حوزەیرانـی ١٩٨٧ یشـدا، هێرشـێكی چڕوپـڕ لەلایـەن سـوپای عێـراق بـە سـەركردایەتی عەدنـان خەیروڵـڵا (١٩٤٠-١٩٨٩)ی وەزیـری بەرگریـی كرایـە سـەر هێزەكانـی پێشـمەرگە لـە ڕێكخسـتنەكانی دەشـتی كۆیـە و دۆڵـی سـماقووڵیی، ئـەو كاتـە هێزەكانـی پێشـمەرگە لـە (بـەرەی كوردسـتانی) پێكهاتبـوون، لـە هێزەكانـی مەڵبەنـدی چـواری یەكێتـی نیشـتیمانی كوردسـتان بــە ســەركردایەتی (كـۆسرەت رەســوول عەلــی) و لێژنــەی ناوچــەی كۆیــەی پارتــی دیموكراتــی كوردســتان بەسـەركردایەتی (گوڵەبـاخ عـارف) و، هێـزی هەڵگـورد بـە سـەركردایەتی (جەمـال مورتكـە)، كە نزیكـەی (١٠٠) پێشـمەرگەیان هەبـوو، ئەمـە سـەرەڕای هێزەكانـی حیزبـی سۆسیالیسـت، بـە سـەركردایەتی (سـمكۆ مەنتـك و سـەید عەبدوڵڵا كەردزیـی) و هێزەكانـی حیزبـی شـیوعیی، شـەڕەكە بـۆ مـاوەی (٥) تـا (١٠) ڕۆژ بەردەوامبـووە، پێشـمەرگە توانیویانـە شـەڕی بـاش بەرامبـەر سـوپای عێـراق بكـەن، لـە كاتێكـدا سـوپای عێـراق بـە هەمـوو جـۆرە چەكێكـی وەك زرێپـۆش و تـۆپ و فڕۆكـە، بەشـدارییانكردووە، بـەڵام دواتـر بەهـۆی نـا هاوسـەنگی هێـز و بەشـداریی ژمارەیەكـی زۆری مەفرەزەكانـی جـاش، هێزەكانـی پێشـمەرگە، بـۆ دۆڵـی هیـران و دۆڵـی بالیسـان، ناچـار كـراون پاشەكشـەبكەن، لـەم شـەڕەدا ژمارەیـەك پێشـمەرگە، كـوژران و بەشێكیشـیان بریندداربـوون (سـەید كاكـە، ٢٠٠٠، ل٣١٨؛ مـەلا قـادر، ٢٠١٦، ل١٢٢).

٣- دانانی بازگە و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێل لەسەر ڕێگا گشتییەكان

هـەر لـە چوارچێـوەی كاردانـەوە و هەڵوێسـتی هێزەكانـی پێشـمەرگە لەكاتـی وێرانكردنـی گوندەكاندا، هێزەكانی پێشـمەرگە چەندیـن بازگەیـان لەسـەر ڕێـگای سـەرەكی هەولێـر- كۆیـە دانـاوە و، ئۆتۆمبێـل و ئەندامانـی حیزبـی بەعـس و یەكەكانـی سـوپا و جاشـیان كردووەتـە ئامانـج. لـە نووسراوێكـی نهێنیـی سـەركردایەتی لقـی هەولێـری حیزبـی بەعـس بـۆ پارێـزگای هەولێـر لـە ١٧ی تەممـووزی ١٩٨٧ دا ئاماژەكـراوە كـە ڕێـگای هەولێر-كۆیـە، بەتایبەتـی بەرامبـەر گونـدی (گۆمەتـاڵ) ی سـەر

بە ناحیەی شۆڕش، بووە بە ناوچەی جموجووڵی هێزەکانی پێشمەرگە. بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕۆژانە بازگە لەسەر ڕێگاکە دادەنێن و ئۆتۆمبێل و سەرنشینان دەپشکنن و، هەندێکیش لەوانە دەڕفێنن (قیادة فرع اربیل، ١٩٨٧/٨/١٧، بڕوانە: پاشکۆی ژمارە -٣-).

لە نووسراوە فەرمیی و نهێنییەکانی حوکومەتدا، ئاماژەدراوە بە چەندین حاڵەتی دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێل لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە، کە لێرەدا هەندێکیان دەخەینەڕوو. بەگوێرەی نووسراوێکی نهێنیی بەڕێوەبەرایەتیی ئەمنی هەولێر لە کاتژمێر یەکی دوای نیوەڕۆی ڕۆژی ٥ی حوزەیرانی ١٩٨٧ دا کۆمەڵێك پێشمەرگەی سەر بە حیزبی شیوعی، دوای دانانەوەی بازگەیەك لەسەر ڕێگای سەرەکی هەولێر-کۆیە لەنزیك گوندی (گۆمەتاڵ)ی سەر بە ناحیەی شۆڕش، دەستیانگرتووە بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری پیکاپ داتسۆن ژمارە (١١٢٦٤/ اربیل) مۆدێل ١٩٧٩ (مديرية امن اربیل، ٦/٥/ ١٩٨٧).

لە کاتژمێر دوازدەی نیوەڕۆی ڕۆژی ٥ی تەمموزی ١٩٨٧، ژمارەیەك پێشمەرگەی سەر بە یەکێتیی نیشتمانی کوردستان لەسەر ڕێگای کۆیە- شۆڕش لە نزیك گوندی (گۆمەشین)ی سەر بە ناحیەی شۆڕش ئۆتۆمبێلێکی جۆری کرۆنا تاکسی ژمارە (٦٢٥٠) مۆدێل ١٩٨١ یان بردووە (مديرية امن اربیل، ٧/٧/ ١٩٨٧). لە ٨ی تەمموزی ١٩٨٧ ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەڕازیلی ژمارە (٥٩٣٣/ اربیل) لەگەڵ شۆفێرەکەی لەسەر ڕێگای گشتیی هەولێر- کۆیە لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە براوە (محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ٧/١٣/ ١٩٨٧). هەر لە هەمان ڕۆژدا، ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا پیکاب ژمارە (٥٠٨٨) مۆدێل ١٩٨٢، لەلایەن پێشمەرگەکانی یەکێتییەوە لە نزیك گوندی (گۆمەتاڵ) دەستگیراوە بەسەریدا و بۆ شوێنێکی نادیار گواستراوەتەوە (مديرية امن اربیل، ٧/٨/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی ١٥ی تەممووزدا ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا پیکاب ژمارە (١١٢٢٩/ اربیل) لەسەر ڕێگای گشتی هەولیر- کۆیە لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە دەستی بەسەرداگیراوە (مديرية امن اربیل، ٧/١٥/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی ١٦ی تەممووزدا لەسەر ڕێگای نێوان ناحیەی شۆڕش و کۆیە ئۆتۆمبێلێکی جۆری داتسۆن ژمارە (٢٩٢٩/اربیل) مۆدێل ١٩٨٠ لەلایەن (١٠) پێشمەرگەی یەکێتییەوە دەستی بەسەرداگیراوە، بەڵام بەبێ ئەوەی شۆفێرەکەی دەستگیربکەن (مديرية امن اربیل، ٧/١٦/ ١٩٨٧).

لە درێژەی دانانەوەی بازگە و دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلەکان، لە کاتژمێر حەوتی بەیانی ڕۆژی ١٥ی تەممووزی ١٩٨٧ ژمارەیەك لە پێشمەرگەکانی یەکێتی بازگەیەکیان لەسەر ڕێگای گشتیی نێوان کۆیە- تەقتەق لە بەرامبەر گوندی (تاڵەبانی گەورە)ی سەر بە ناحیەی تەقتەق داناوە. توانیویانە کەسێکی بەعسی دانیشتووی ناحیەی تەقتەق دەستیگربکەن و دەستبگرن بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا ساڵۆن ژمارە (٣٢٣٦/ اربیل) دا (قیادة فرع اربیل، ٧/١٩/ ١٩٨٧). لە ٢٠ی تەممووزدا ژمارەیەك پێشمەرگە لەسەر ڕێگای گشتیی هەولێر- کۆیە لە نزیك گوندی گۆمەتاڵ بازگەیەکیان داناوەتەوە و دەستیانگرتووە بەسەر (٥٠) فەردە ئارد دا. لە ٢١ی تەمموز لە هەمان شوێندا پێشمەرگەکانی یەکێتی دەستیانگرتووە بەسەر ئۆتۆمبێلێکی جۆری تۆیۆتا ژمارە (٤١٧٨/ اربیل) دا، کە شۆفێرەکەی سەر بە جەیشی شەعبیی بووە (اللجنة الامنية في كويسنجق، ٧/٢٤/ ١٩٨٧). لە ڕۆژی ٣٠ی تەممووزی ١٩٨٧ نزیکەی (١٠) پێشمەرگەی یەکێتی لەسەر ڕێگای گشتی هەولێر- کۆیە لە نزیك گوندی (پیرەر)ی سەر بە ناحیەی شۆڕش پاسێکیان ڕاگرتووە و بە تۆمەتی هاوکارییکردنی حوکومەت، دوو کەسیان لە سەرنشینەکانی پاسەکە دەستگیرکردووە و لەگەڵ خۆیانیان بردووە (مديرية أمن اربیل، ٧/٣٠/ ١٩٨٧).

بەگوێرەی نووسراوێکی لێژنەی ئەمنیی کۆیە ،لە شەوی ٤/٣ی ئەیلوولی ١٩٨٧ ژمارەیەك پێشمەرگەی یەکێتی چوونەتە ناو ناحیەی دێگەڵە و ئۆتۆمبێلێکی جۆری بەڕازیلی ژمارە (٤٣٤٤/ اربیل) مۆدێل ١٩٨٣ یان ڕفاندووە، کە شۆفێرەکەی

جـاش بـووە (اللجنـة الامنيـة في كويسـنجق، ٩/٨/ ١٩٨٧). هەروەهـا لـە رۆژی ١٤ی ئەیلوولـی ١٩٨٧ دا ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری بەڕازیلـی ژمـارە (٧٧٨٨/ اربيـل) مۆدێـل ١٩٨٥ لەگـەڵ شـۆفێرەکەی، کـە جـاش بـووە، لەسـەر ڕێـگای گشـتی هەولێـر- کۆیـە لەلایـەن چـوار پێشـمەرگەوە دەسـتگیراوە سـەریدا(مديرية امـن اربيـل، ١٧/ ٩/ ١٩٨٧). جگـە لەمانـە لـە هەندێـك كاتـدا هێزەکانـی پێشـمەرگە دەسـتیانگرتووە بەسـەر ئۆتۆمبێلـی بارهەڵگـردا ، کـە زۆربـەی كات بـۆ ماوەیەکـی كاتیـی بـووە و دوای ئـەوەی کەلوپـەل و پێداویسـتییەکانیان پـێ گواسـتووەتەوە شـۆفێرەکە و ئۆتۆمبێلەکەیـان ئازادکـردووە. بەگوێـرەی نووسراوێکـی بەڕێوەبەرایەتـی ئەمنـی هەولێـر لـە ٥ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٧ دا ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری لـۆری مارسـیدیس ژمـارە (٧٤٦٣/ اربيـل) مۆدێـل ١٩٨١، لەسـەر ڕێـگای گشـتیی هەولێـر- کۆیـە لـە نزیـك دێگەڵـە لەلایـەن ژمارەیـەك پێشـمەرگە، کـە نەزانـراوە سـەر بـە چ لایەنێکـن، دەسـتی بەسـەرداگیراوە (مديريـة أمـن اربيـل، ٥/ ١١/ ١٩٨٧، بڕوانـە: پاشـكۆی ژمـارە-٤-).

لـە خسـتنەڕووی ناوەڕۆکـی بەڵگەنامەکانـی سـەرەوە دەردەکەوێـت، کـە هێزەکانـی پێشـمەرگە لەکاتـی وێرانکـردن و دوای وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە، دوای دانانـەوەی بازگـە لەسـەر ڕێـگای گشـتیی هەولێـر- کۆیـە ژمارەیەکـی زۆری ئۆتۆمبێـل لـە جـۆری تایبـەت و بارهەڵگریـان لەگـەڵ شـۆفێرەکان دەستبەسـەرداگرتووە. هەرچەنـدە لـە زۆربـەی بەڵگەنامەکان ناسـنامەی سیاسـیی و پیشـەی زۆرێـك لـە شـۆفێرەکان، یـا هـۆکاری ڕفاندنـی ئۆتۆمبێلـەکان دیارینەکـراون، بـەڵام بەگوێـرەی قسـەی یەکێـك لـە پێشـمەرگەکانی هاوچەرخـی ئـەو ماوەیـە، بەشـێك لـەو بازگانـە لەسـەر بنەمـای زانیاریـی پێشـتر دانـراون، کـە زانیویانـە لـەو کاتانـەدا ئۆتۆمبێلێکـی سـەر بـە ئەندامانـی حیزبـی بەعـس، یـا جـاش، یـا جەیشـی شـەعبیی، یـا سـوپای عێـراق بـە ڕێگاکـەدا تێپەڕدەبـن، بازگەیـان دانـاوە. بـەم شـێوەیە ناسـنامەی بەشـێك لەو شـۆفێرانە پێشـتر زانراوە و لەسـەر ئەو بنەمایـەش دەسـتگیرکراون. لەگـەڵ ئەوەشـدا لـە هەنـدێ کاتـدا لەسـەر ڕێـگا گشـتییەکان لەلایـەن چەنـد پێشـمەرگەیەکەوە بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتیـی خۆیـان و بەبـێ پـرس و گەڕانـەوە بـۆ ڕاوبۆچوونـی سـەرکردایەتییەکەیان، بازگەیـان داناوەتـەوە و دەسـتیانگرتووە بەسـەر ئۆتۆمبێلـی کەسـانی مەدەنییـدا. بـەە فەرمیـی لەلایـەن سـەرکردایەتی حزبەکانـەوە، بـۆ کارێکـی لـەم شـێوەیە ڕێنماییەکـراون، بەڵکـو ئـەو دەسـتە و تاقمـە لێـی بەرپرسـن، کـە بـە ئـارەزووی خۆیـان کارێکـی لـەم شـێوەیان کـردووە. یـا تەنانـەت هەندێـك جـار لەنـاو گوندەکانیشـدا، کاری لـەم شـێوەیان، بەنـاوی پێشـمەرگەوە، کـردووە (گۆمەتاڵـی، ٢٣/٥/ ٢٠٢٠).

دوای دەستبەسـەرداگرتنی ئـەو ئۆتۆمبێلانـە، لـە بارەگاکانـی پێشـمەرگە لێکۆڵینـەوە لەگـەڵ شـۆفێرەکاندا کـراوە، ئەگـەر لـە ئەنجامـی لێکۆڵینـەوەدا دەرکەوتبووایـە کەسـی دەسـتگیرکراو ئەندامـی هیـچ یەکێـك لـە ڕێکخسـتنەکانی حیزبـی بەعـس، یـان سـەر بـە سـوپا و جـاش و جەیشـی شـەعبی نییـە، ئـەوا شـۆفێرەکە ئازادکـراوە و ئۆتۆمبێلەکەشـی بـۆ گەڕێندراوەتـەوە (سـەلیم، ٢١/٦/ ٢٠٢٠)، وەك ئـەوەی لـە ناوەڕۆکـی بەشـێك لـە بەڵگەنامـەکان ئامـاژەدراوە بـە ئازادکردنـی هەندێـك لـە شـۆفێرەکان. بـەڵام ئەگـەر بـە پێچەوانـەوە ئەندامـی حیزبـی بەعـس، یـان سـەر بـە هێزەکانـی حوکومـەت بووبێـت. ئـەوا ئۆتۆمبێلەکـە دەسـتی بەسـەرداگیراوە و براوەتـە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی پێشـمەرگە و، بـۆ گواسـتنەوە و بەجێهێنانـی چالاکیـی سـەربازیی سـوودی لێبینـراوە. لـە هەندێـك کاتیشـدا بەشـێك لـە ئۆتۆمبێلـەکان بـۆ ماوەیەکـی کاتیـی دەسـتیان بەسـەردا گیـراوە، بەتایبەتـی بارهەڵگرەکان، کـە بەمەبەسـتی گواسـتنەوەی کەلوپـەل بەکارهاتـوون و دواتـر بـۆ خاوەنەکانیـان گەڕێنراونەتـەوە. بەشـێك لـەو جـاش و ئەندامانـەی بەعسـیش کـە دەسـتگیرکراون، لـە بەرامبـەر بڕێـك پـارەدا ئازادکـراون، یـا بـۆ ماوەیـەك لـە بەندیخانـەدا هێڵراونەتـەوە و دواتـر ئازادکـراون، یـا لـە هەندێـك حاڵەتـی تایبەتـدا لەسـەر بڕیـاری سـەرکردایەتیی کـوژراون (گۆمەتاڵـی، ٢٣/٥/ ٢٠٢٠).

٤- لێدانی ڕەبایە و بنکە سەربازیی و فەرمانگە حکومییەکان:

هێرشـکردنە سـەر ڕەبایـە و بنکـە سـەربازیی و فەرمانگـە حوکومییـەکان، شـێوازێکی تـری هەڵوێسـتوەرگرتنی هێزەکانـی پێشـمەرگە بـوو لـە بەرامبـەر وێرانکردنـی گوندەکانـی قـەزای کۆیـە. بەڵگەنامـە فەرمییەکانـی حوکومـەت ئاماژەیانکـردووە بـۆ چەندیـن چالاکیـی پێشـمەرگە لـەو بارەیـەوە. بـۆ نموونـە لـە نووسراوێکـی نهێنـی لێژنـەی ئەمنـی پارێـزگای هەولێـر لـە ڕۆژی ٢ی حوزەیرانـی ١٩٨٧ سـێ پێشـمەرگە، کـە نەزانـراون سـەر بـە کام لایەنـن، هێرشـیانکردووەتە سـەر رەبایـەی (رجـال المـوت) ی سـەر بـە فەوجـی (١٢٤)ی جاشـەکان لەسـەر ڕێـگای کۆیـە- شـۆڕش. دوای تەقەکردنێکـی زۆر شـوێنەکەیان جێهێشـتووە، ئەمـە بەبـێ ئـەوەی زیانـی گیانیـی بـە جاشـەکان بـگات (محافظـة اربیل-اللجنـة الامنیـة، ٦/٦/ ١٩٨٧).

لـە ڕۆژی ٨ی تەممـووزی ١٩٨٧ دا هێزەکانـی پێشـمەرگە هێرشـیانکردووەتە سـەر ڕەبایەیەکـی جاشـی سـەر بـە فەوجـی (١٣٢) لـە ناوچـەی (حەمامـۆك)ی سـەر بـە قـەزای کۆیـە، لـە ئەنجامـی هێرشـەکەدا جاشـێك کـوژراوە و دەسـتیانگرتووە بەسـەر کلاشـینکۆف و هـەر چـوار مەخزەنەکـەی دا (قیـادة فـرع اربیـل لحیـزب البعـث، ١٠/ ٧/ ١٩٨٧؛ مدیریـة امـن اربیـل، ١٢/٧/ ١٩٨٧). هەروەهـا لـە شـەوی ٢٠/١٩ی تەممـووزی ١٩٨٧ هێزەکانـی پێشـمەرگە چوونەتـە نـاو گەڕەکـی (ئیسـکان) لـە شـاری کۆیـە و، چـوار ئەنـدام و لایەنگـری حیزبـی بەعسـیان رفانـدووە (قائمقامیـة قضـاء کویسـنجق، ٢٠/٧/ ١٩٨٧).

هـەر لـە چوارچێـوەی لێدانـی بنکـە و ڕەبایەیەکانـی حکوومـەت، لـە شـەوی ٤/٣ی ئەیلوولـی ١٩٨٧ دا هێزەکانی پێشـمەرگە، کـە ژمارەیـان نزیکـەی سـەد کـەس بـووە، هێرشـیانکردووەتە سـەر فەوجـی (١٥٨)ی جـاش لـە ناحیەی شـۆڕش. دوای شـەڕێکی سـەخت توانیویانـە بـارەگای فەوجەکـە کۆنترۆڵبکـەن و دەسـتبگرن بەسـەر ژمارەیەکـی زۆر لـە ئۆتۆمبێلـدا. لـە شـەڕەکەدا راوێـژکاری فەوجەکـە و کوڕەکـەی و (٢٥) جاشـی تـر کـوژراون، لەگـەڵ برینداربوونـی (١٦) جاشـی تـر. ژمـارەی کـوژراوی پێشـمەرگەش لـە شـەڕەکەدا (٨) پێشـمەرگە بـووە. هـەر لەهەمـان شـەودا، هێزەکانـی پێشـمەرگە هێرشـیانکردووەتە سـەر هـەردوو فەوجـی (٣٩ و ٤٩) لـە هەمـان ناحیـە و لـە ئەنجامـدا (١٧) جـاش کـوژراون (محافظـة اربیل-اللجنـة الامنیـة، ٩/٩/ ١٩٨٧). هـەر لـە درێـژەی چالاکییەکانـدا، لـە ڕۆژی ١٥ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٧ دا لەکاتـی گەڕانـەوەی ژمارەیـەك لـە جاشـەکانی سـەر بـە فەوجـی (٨٥)، لـە پارێـزگای کەرکووکـەوە بـەرەو کۆیـە، لـە نیـوەی ڕێـگادا لەلایـەن ژمارەیـەك پێشـمەرگەوە، کـە نەزانـراوە سـەر بـە چ لایەنێکـن، تەقەیانلێکـراوە. دوای چەنـد کاتژمێرێـك لـە شـەڕکردن جاشـێك کـوژراوە و سـێ جاشـی تریـش برینداربـووە. هەروەهـا پێشـمەرگەکان دەسـتیانگرتووە بەسـەر ئۆتۆمبێلێکـی جـۆری تۆیۆتـا پیـکاب ژمـارە (١١٧١٦) دا (محافظـة اربیـل- اللجنـة الامنیـة، ١٨/١٠/ ١٩٨٧). هەروەهـا لـە ڕۆژی ١٨ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٨٧ دا ژمارەیـەك پێشـمەرگەی یەکێتـی هێرشـیانکردووەتە سـەر رەبایەیەکـی جاشـی سـەر بـە فەوجـی (١٥٦) لـە شـارۆچکەی تەقتـەق، رەبیایەکـە ئەرکـی پاراسـتنی ڕێـگای کۆیـە- تەقتـەق بـووە، لـە ئەنجامـدا جاشـێك کـوژراوە و یەکێکـی تریـش برینـدار بـووە (مدیریـة أمـن اربیـل، ١٨/١٠/ ١٩٨٧).

لـە هەندێـك کاتـدا، هێزەکانـی پێشـمەرگە وەك چالاکییەکـی سـەربازیی دامـەزراوە حوکومییەکانیـان کـردووە بـە ئامانـج و زیانیـان پێگەیانـدوون. لـەم چوارچێوەیەشـدا، لـە شـەوی ١٤-١٥ی ئەیلوولـی ١٩٨٧ هێرشـیانکردووەتە سـەر (پـرۆژەی پەلـەوەری تەقتـەق)، بەگوێـرەی راپۆرتێکـی نهێنیـی دامـەزراوەی گشـتیی پەلـەوەری ناوچـەی باکـوور لـە ١٩ی ئەیلوولـدا، بەهـۆی هێرشـەکەوە زیانـی گـەورە بـە پرۆژەکـە گەیشـتووە. لەوانـەش: تانکـی ئـاوی پرۆژەکـە کونبـووە و دوو مولیـدەی کارەبایـی (٥٣٠) کـەی ڤـی سـووتاون. هەروەهـا ئامێـری جووجەڵـە هەڵهێنـەری پرۆژەکـە بەتەواویـی وێرانبـووە، لەگـەڵ سـووتانی ژووری کارگێڕیـی پرۆژەکـە. جگـە لەمانـە ئامێـری چـاپ و پـارەی نـاو قاسـەی پرۆژەکـە، کـە بـڕی هـەزار دینـار بـووە، لەلایـەن پێشـمەرگەکانەوە بـراون (المنشـأة العامـة لدواجـن المنطقـة الشـمالیة، ١٩/٩/ ١٩٨٧).

## ئەنجام:

لە ئەنجامی باسەکانی ئەم توێژینەوەیە و خستنەڕووی ناوەڕۆکی بەڵگەنامەکان، گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. حکوومەتـی عێـڕاق بەهـۆی چالاکییـە چڕوپڕەکانـی پێشـمەرگەوە، لـە قـەزای کۆیـە، پشـتیوانیی دێهـات و ئاوایـیەکانـی ناوچەکـە لـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان، بڕیـاری خاپوورکردنـی گونـدەکان و ڕاگواسـتنی خەڵکەکـەی داوە، چونکـە وەک لـە ناوەڕۆکـی بەشـێک لـە بەڵگەنامـەکان دەردەکەوێـت، چالاکییەکانـی هێـزی پێشـمەرگە زیانێکـی گـەورەی بـە سـوپای عێڕاقـی لـەو ناوچانـەدا گەیانـدووە، کـە هەمـوو کات مۆڵگەیەکـی سـەربازی بەهێزبوونـە، بـۆ سـەپاندنی هەژموونـی حوکومەتـی عێـڕاق بەسـەر ناوچەکـەدا.

٢. هەڵمەتـی ڕاگواسـتن، بەپێـی پـلان و پرۆگرامێکـی تۆکمـە و نەخشـە بـۆ داڕێـژراو جێبەجێکـراوە، لـە مانگـی ئـازاری سـاڵی ١٩٨٧ دەسـتیپێکردووە هەتـا مانگـی ئەیلوولـی هەمـان سـاڵ، سـەدان گونـد و دێهـات لـە ناوچەکـەدا خاپوورکـراون، ڕێـکاری سـەربازیی توندیـش بەرامبـەر ئـەو کەسـانە گیراوەتەبـەر، کـە دژی وەسـتاونەتەوە، هەڵمەتەکـەش سـەرەتا بـە تۆپبارانکردنـی ناوچەکـە دەسـتیپێکردووە، پاشـان هێـزە سـەربازییەکان چوونەتـە نـاو گونـدەکان و، بـە شـۆفڵ و گرێـدەر خانـووەکان ڕووخێنـدراون و هەمـوو کێڵگـە و سـەرچاوەیەکی ئابووریـیان وێرانکـردووە.

٣. لـەم بەڵگەنامانـەدا دەردەکەوێـت، کـە دەزگا ئەمنییـەکان زانیاریـی وردی پێشـوەختەیان لەسـەر چالاکییەکانـی پێشـمەرگە، لـە پێـش ڕاگواسـتن و دوای ڕاگواسـتنی گونـدەکان هەبـووە، وەک ژمـارەی پێشـمەرگەکان، تیپەکانـی سـەر بە هێزی پێشـمەرگە، جـۆری چالاکییەکـە، ئـەو شـوێنەی هێرشـدەکرێتە سـەری، ئەمـەش بەڵگەیـە لەسـەر بەهێزیـی دەزگاکانـی هەواڵگریی سـەر بە حوکومـەت لەلایـەک و، بەهێزیـی و تاکتیکـی خێـرا و لێزانانـەی هێزەکانـی پێشـمەرگە لەلایەکـی تـرەوە، هەربۆیـە سـەرەڕای ئـەوەی زانیاریـی پێشـوەختە لەسـەر پلانەکانیـان هەبـووە، بـەڵام لـە زۆر کاتـدا، توانیویانـە چالاکییەکانیـان سـەرکەوتووانە بەجێبهێنـن. ئەمـە سـەرەڕای ئـەوەی بەهەوونـی پیاوانـی سـەر بـە حوکومـەت لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتاندا، پشتڕاسـت دەکاتـەوە.

٤. دوای بڕیـاری هەڵمەتـی تێکدانـی گونـدەکان، هێزەکانـی پێشـمەرگە هەوڵیانـداوە، هەندێـک چالاکیـی بـۆ بەرگرتـن لـەو هەڵمەتـە سـازبکەن و ئاسـتەنگی بـۆ درووسـتبکەن، بـۆ ئـەم مەبەسـتەش کەوتوونەتـە هاندانـی گوندنشـینەکان بـۆ خۆپیشـاندان و مانگرتـن لـەدژی ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گونـدەکان، هێرشـکردنە سـەر کاروانـی ئـەو شـۆفڵ و ئامێرانـەی، کـە بـۆ تێکدانـی دێهاتـەکان ڕەوانەدەکـران، هەروەهـا ئـەو بنکـە سـەربازییانەی لـە ناوچەکـە بـۆ ئـەم مەبەسـتە جێگیرکرابـوون، بـەر پەلامـاری هێزەکانـی پێشـمەرگە کەوتـوون. لەکاتـی وێرانکردنـی گوندەکانیشـدا، هێزەکانـی پێشـمەرگە چەندیـن بازگەیـان لەسـەر ڕێـگای سـەرەکیی هەولێـر- کۆیـە دانـاوە و، ئۆتۆمبێـل و ئەندامانـی حیزبـی بەعـس و یەکەکانـی سـوپا و جاشـیان کـردووە بـە ئامانـج.

٥. لـە زۆربـەی بەڵگەنامەکانـدا، زانیاریـی لەبـارەی دەستبەسـەرداگرتنی ئۆتۆمبێـل و دانانـی بازگـە، دووپـات کراوەتـەوە، تەنانـەت ئامـاژەدراوە کـە ئـەم کارانـە هاوڵاتییانـی ئاسـایی گرتووەتـەوە، بـەڵام دوای بەراوردکردنـی بەڵگەنامـەکان لەگـەڵ سـەرچاوەکانی تـردا، دەرکەوتـووە کـە ئامانجـی سـەرەکیی ئـەم کارەی پێشـمەرگە، ئۆتۆمبێلەکانـی سـوپای عێـراق و جـاش و کەسـانی لایەنگرییـان بـوون، ئەمـەش بـە ئامانجـی لێدانـی حوکومەتـی عێـراق بـووە. هەرئەمـەش ئامانجـی سـەرەکیی پێشـمەرگە بـووە، بـەڵام ئەگـەر کۆمەڵـە کەسـێک بەنـاوی پێشـمەرگەوە، ئۆتۆمبێلـی هاوڵاتییانیـان فڕاندبێت، ئەمـە بەدەربووە لـە ئامانجەکانـی هێزەکانـی پێشـمەرگە، پێشـمەرگە هەرگیـز بـە فەرمیـی لەلایـەن سـەرکردایەتیی حزبەکانـەوە، بـۆ کارێکـی لـەم شـێوەیە ڕێنماییکـراون، بەڵکـو ئـەو دەسـتە و تاقمـە لێـی بەرپرسـن کـە بـە ئـارەزووی خۆیـان کارێکـی لـەم شـێوەیان

كردبێـت.

٦. بەهـۆی نابەرابەریـی هێـز و هەبوونـی چەكـی قـورس و زۆری سـەربازی مەشـقپێكراوی سـوپای عێـراق، هێزەكانـی پێشـمەرگە كەمـتر شـەڕی بەرەیـان لەگـەڵ سـوپادا كـردووە. بەڵكـو، زیاتـر چالاكییەكانیـان پێكهاتبـوو لـە پەلامـاری لەنـاكاو بۆسـەر ڕەبایـە و بـارەگا و بنكـە سـەربازییەكان، دانانـی كەمیـن بـۆ كاروانـی سـەربازیی لەسـەر ڕێـگا سـەرەكییەكان. بـەڵام لەو كاتانـەی سـوپا پەلامـاری بنكـە و بـارەگای هێـزی پێشـمەرگەی داوە، پێشـمەرگە بەرگرییانكـردووە و بەرپەرچییـان داونەتـەوە، وەک شـەڕی سـماقوولیی، لـە حوزەیرانـی سـاڵی ١٩٨٧ كـە پێشـمەرگەكانی بـەرەی كوردسـتانی لـە دەشـتی كۆیـە و هەولێـر و خۆشـناوەتی شـەڕێكی سـەختیان كـردووە و چەندیـن قوربانیشـیان داوە.

٧. هەندێـک لـە چالاكییەكانـی هێـزی پێشـمەرگە، لـە كاتـی هەڵمەتـی ڕاگواسـتنی گوندەكانـی كوردسـتان، كـە لـە ناوەرۆكـی ئـەو بەڵگەنامانـەدا هاتـووە، جێگـەی تێڕامانـن، وەک دەستبەسـەرداگرتنی ئۆتۆمبێلـی هاووڵاتییـان لـە بازگەكانـدا، بـەڵام دوای بـەراورد و سـاخكردنەوە، دەركەوتـووە كـە بەشـێک لەوانـە جـاش و خەڵكانـی سـەر بـە حوكومەتـی عێـراق بـوون و بـۆ ئـەوان كاریانكـردووە، بەڵگـەش بـۆ ئەمـە دوای ئـەوەی دەسـتیان بەسـەر ئۆتۆمبێلەكـە داگرتـووە، شـوفێرەكەیان بـۆ جێگایەكـی نادیـار ڕفانـدووە، پاشـان لێكۆڵینەوەیـان لەگەڵـدا كـردوون، ئەگـەر هیـچ پەیوەندییێكـی لەگـەڵ سـوپا و دەزگاكانـی حوكومـەت نەبووبێـت، ئازادییـان كـردوون و دوای ماوەیـەک ئۆتۆمبێلەكانیشـیان داونەتـەوە. لەگـەڵ ئەوەشـدا دەكرێـت دەستبەسـەرداگرتنی ئۆتۆمبێلـی هاوڵاتیانـی ئاسـایی لەسـەر ئاسـتی تاكەكەسـیی و بـۆ بەرژەوەنـدی تایبەتیـی لەلایـەن بەشـێك لـە پێشـمەرگەكانەوە كرابـن. بـەڵام، ئەمـە بەشـێك نەبـووە لـە سیاسـەتی گشـتیی سـەركردایەتی هێـزی پێشـمەرگە.

## لیستی سەرچاوەكان:


١-بەڵگەنامە بڵاونەكراوەكان:

- حيزب البعث العربي الاشتراكي القطر العراقي، قيادة فرع اربيل، ٢/١٧/ ١٩٨٧، الموضوع: معلومات، العدد/ ٣٨/ ١٩٥٥

- محافظـة التأميم-اللجنـة الامنيـة، ٢/١٨/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى ق.ق. الرشـيد و قيـادة الجيـش الشـعبي و وزارة الداخليـة و محافظـة اربيـل والسـليمانية-اللجنة الامنيـة، العـدد/ ٢٧٠.

- مديريـة أمـن اربيـل، ٣/١٥/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى محافظـة اربيل-اللجنـة الامنيـة و قيـادة فـرع اربيـل للحيـزب القائـد، رقـم المنشـىء/ ش ٨٦٤/٧٨.

- محافظـة اربيل-اللجنـة الامنيـة، ٣/١٧/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الـى قيـادة الفيلـق الخامـس/ الاول ولجنـة التنسـيق الامنـي المركزيـة/ الـأميم، رقـم المنـشيء/ ٩٢١.

- لجنـة التنسـيق الامنـي المركزيـة، ٣/١٧/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى فـل١ و فـل٥ واللجنـة الامنيـة لمحافظـة اربيـل، العـدد/ ١٠٤٦.

- محافظـة اربيل-الشـؤون الداخليـة، ٣/١٨/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى فـل (٥) و وزاره الداخليـة- مديريـة الامـور السريـة والسياسـية و مكتـب تنظيـم الشـمال لحيـزب البعـث العـربي الاشـتراكي و اللجنـة الامنيـة لمحافظـة اربيـل، رقـم المنـشيء/ ٨٩٩.

- مديريـة امـن اربيـل، ٣/٢٠/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى قيـادة فـل١/ قيـادة فـل٥ الاسـتخبارات وامريـة قاطـع اربيـل ومحافظـة اربيل-اللجنـة الامنيـة، رقـم المنـشيء/ ٦٤ج/ ١٤٥٧

- مديريـة امـن اربيـل، ٣/٢١/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى قيـادة فـل١/ قيـادة فـل٥ الاسـتخبارات وامريـة قاطـع اربيـل ومحافظـة اربيل-اللجنـة الامنيـة، رقـم المنـشيء/ ٦٤ج/ ١٤٧٣.

- محافظـة اربيـل- الشـؤون الداخليـة، ٣/٢٣/ ١٩٨٧، برقيـة سريـة وفوريـة الى وزارة الداخليـة –مديريـة الامـور السريـة

والسياسية ومكتب تنظيم الشمال لحيزب البعث العربي الاشتراكي وفل٥ واللجنة الامنية لمحافظة اربيل، الموضوع: الموقف الامني ليوم ٣/٢٣/ ١٩٨٧، رقم المنشيء/ ٩٩٨.

- محافظة اربيل- الشؤون الداخلية، ٣/٢٩/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية –مديرية الامور السرية والسياسية ومكتب تنظيم الشمال لحيزب البعث العربي الاشتراكي وفل٥ واللجنة الامنية لمحافظة اربيل، الموضوع: الموقف الامني ليوم ٣/٢٩/ ١٩٨٧، رقم المنشيء/ ١٠٨٠.

- مديرية امن محافظة اربيل، ٤/٢/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ش٢٣٠٥/٣.

- مديرية شرطة اربيل، ٤/١٠/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى كافة مديريات شرطة الاقسام، رقم المنشيء/ ٨٦٦.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٤/١٢/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة فيلق الخامس، رقم المنشيء/ ١١٨٦.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٤/١٨/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس و قيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ١٣٠٥.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٤/٢٢/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة فرع اربيل للحيزب القائد و مديرية امن محافظة اربيل و قيادة قوات القدس و مديرية شرطة محافظة اربيل، رقم المنشيء/ ١٤٢٩.

- مديرية امن محافظة اربيل، ٤/٢٢/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٢٩٤٥.

- محافظة اربيل- مديرية الشؤون الداخلية، ٤/٢٨/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى وزارة الداخلية- مديرية الامور السرية والسياسية وفيلق الخامس، رقم المنشيء/ ١٤٧١.

- قيادة فرع اربيل، حيزب البعث العربي الاشتراكي/ القطر العراقي، ٤/٣٠/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس، الموضوع: معلومات، العدد/ ٥٢٠٩/٣٨.

- قيادة فرع اربيل، حيزب البعث العربي الاشتراكي/ القطر العراقي، ٤/٣٠/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس، الموضوع: معلومات، العدد/ ٥٢٠٩/٣٨.

- مديرية امن اربيل، ٥/٧/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى فيلق (١)/ الاستخبارات و محافظة اربيل-اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٣١٢٣.

- مديرية امن اربيل، (٥/٧/ ١٩٨٧)، برقية سرية وفورية الى فيلق (٥)/ الاستخبارات و محافظة اربيل- اللجنة الامنية و امن الحكم الذاتي، رقم المنشيء/٣١٢٠.

- قائمقامية قضاء اربيل، ٥/٢٦/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، العدد/ ٢س/ ٢٢٩.

مديرية امن اربيل، ٦/٥/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنه الامنية و فيلق الخامس/ الاستخبارات و أمن الحكم الذاتي وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد، رقم المنشىء/ ش.س١/ ٤٦٠٥.

-محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٦/٦/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس و قيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٢٦٥٥.

- قائمقامية قضاء كويسنجق، قلم السر، ٦/١٥/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية، العدد/ ٢س.

- قيادة مكتب تنظيم الشمالي-مكتب السكرتارية، اربيل، ١٩٨٧/٦/٢٠، التعامل مع القرى المحذورة امنيا، العدد: ٤٠٠٨/٢٨.

- مديرية امن اربيل، ٧/٧/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية و قيادة فرع اربيل للحيزب القائد و منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، رقم المنشيء/ ش. س٣/ ٤٦٦٢.

- مديرية امن اربيل، ٧/٨/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد

و منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، رقم المنشيء/ش. س٢/ ٦٥٥٨.

- قيادة فرع اربيل لحيزب البعث، ١٠/ ٧/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى اللجنة الامنية لمحافظة اربيل، رقم المنشيء/ ٣٨/ ٨٦٣٥.

- مديرية امن اربيل، ٧/١٢/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية وامن الحكم الذاتي وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد، رقم المنشيء/٦٧٤٧.

- محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ٧/١٣/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس و قيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٢٦٠٥.

- مديرية امن اربيل، ٧/١٥/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد، رقم المنشيء/٦٨٥٨.

- مديرية امن اربيل، ٧/١٦/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل-اللجنة الامنية وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد، رقم المنشيء/ ٦٩٤٩.

-حيزب البعث العربي الاشتراكي/ القطر العراقي، قيادة فرع اربيل، ٧/١٩/ ١٩٨٧، الموضوع: معلومات، العدد/ ٣٨/ ٨٩٨٢.

قائمقامية قضاء كويسنجق، ٧/٢٠/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٣٣٨.

- اللجنة الامنية في كويسنجق، ٧/٢٤/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٧٢٧/٨١٥٦.

- مديرية أمن اربيل، ٧/٣٠/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد و منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، رقم المنشيء/ش. س٧٨٧٨/٢.

- قيادة فرع اربيل، حيزب البعث العربي الاشتراكي/ القطر العراقي، ٨/١٧/ ١٩٨٧، الموضوع: طريق اربيل- كويسنجق، العدد/ ٣٨/ ١٠١٥٤.

- اللجنة الامنية في كويسنجق، ٩/٨/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ٤٩٧.

- محافظة اربيل-اللجنة الامنية، ٩/٩/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى قيادة الفيلق الخامس وقيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٣٢٩٤.

- مديرية امن اربيل، ١٧/ ٩/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية وقيادة فرع اربيل للحيزب القائد و منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، رقم المنشيء/ ش. س٢/ ١١٢٩٠.

- المنشأة العامة لدواجن المنطقة الشمالية، ٩/١٩/ ١٩٨٧، سري، الموضوع: مشروع طق طق، العدد/ ٤٧١.

- محافظة اربيل- اللجنة الامنية، ١٠/١٨/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى الفيلق الخامس وقيادة مكتب تنظيم الشمال، رقم المنشيء/ ٣٨٨٨.

- مديرية أمن اربيل، ٥/ ١١/ ١٩٨٧، برقية سرية وفورية الى محافظة اربيل- اللجنة الامنية، رقم المنشيء/ ش. س٣/ ٨٤٥٩٨.

(دانەی کۆپیکراوی سەرجەم بەڵگەنامەکان لای توێژەر پارێزراوە).

٢. دەستنووس:

گۆمەتاڵی، حاتەم عوسمان، ٢٠٢٢، بیرەوەرییەکانی ژیانی پێشمەرگایەتییم، (دەستنووسێکی بڵاونەکراوەیە لای توێژەر

پارێـزراوە).

٣.کتێب:

- بینگیۆ، ئۆفرا، ٢٠١٣، کوردی عێراق-بنیاتنانی دەوڵەتێک لەناو دەوڵەتدا، و: سۆران کوردی، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- رباز، ٢٠٠٨، قەندیل بەغدای هەژاند، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

- گەنتەر، مایکڵ، ٢٠٠٧، فەرهەنگی مێژووی کورد، و: مامکاک، دەزگای ئاراس، هەولێر.

- سەید کاکە،٢٠٠٠، بیرەوەری پێشمەرگەیەک، چ٣، چاپخانەی شەهاب، هەولێر.

-مەلا حەسەن، فەتاح تۆفیق، ٢٠٠٨، حەفتاوشەش ساڵ ژیان پەنجاونۆساڵ تێکۆشان، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

- مەلا قادر، محەمەد، ٢٠١٦، ساڵێک لە شێخ وەسانان، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٤- دیدار و پەیوەندییە تەلەفۆنییەکان:

- پەیوەنـدی تەلەفۆنیـی لەگـەڵ سـەلیم، شـەماڵ عـادل، ٦/٢١/ ٢٠٢٠. ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٦٦ لـە (دەرگەڵـە) لەدایکبـووە. قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەندیـی و ئامادەیـی لـە شـاری هەولێـر تەواوکـردووە. لـە تەمەنـی منداڵییـەوە لەژێـر کاریگەریـی باوکیـدا، بـە بیـری مارکسـییزم و حیزبـی شـیوعیی ئاشـنابووە. لـە سـەرەتای هەشـتاکانەوە لـە ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی حیزبـی شـیوعی نـاو شـار کاریکـردووە و، دواتـر بـووە بـە پێشـمەرگە. لـە سـاڵی ١٩٨٩ کوردسـتانی جێهێشـتووە و روویکردووەتـە وڵاتـی دانیـمارك و تـا ئێسـتاش لـەوێ دەژیـی.

- دیــدار لەگــەڵ گۆمەتاڵــی، حاتــەم عوســمان ، ٥/٢٣/ ٢٠٢٠، هەولێر-کەسـنەزان. ناوبــراو لــە ســاڵی ١٩٦٢ لــە گونــدی (گۆمەتـاڵ)ی سـەر بـە ناحیـەی شـۆڕش/ قـەزای کۆیـە لەدایکبـووە. لـە سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەندیـی بـە ڕرکخسـتنەکانی حیزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتانەوە کـردووە و سـاڵێك دواتریـش بـووە بـە پێشـمەرگە لـە نـاو ریزەکانـی هەمـان حیزبـدا. لەمـاوەی هەشـاکاندا وەك ئامـر مەفرەزەیەکـی پێشـمەرگە بەشـدارییکردووە لـە چەندیـن چالاکیـی و شـەڕی دژ بـە هێزەکانـی سـوپا و جاشـی حوکومـەت. لەمـاوەی سـاڵی ١٩٨٧ لەژێـر سەرپەرشـتیی ئـەودا، چەندینجـار بازگـە لەسـەر ڕێـگای گشـتی هەولێـر-کۆیـە دانـراوە. لـە ڕۆژی ٢/٢١/ ٢٠٢٢ کۆچـی دوایـی کـردووە.

- دیــدار لەگــەڵ گۆپتەپەیــی، قــادر عەزیــز ئەحمــەد، هەولێــر، ٢٠٢١/١٠/١٠، هەولێــر، ناوبــراو ســاڵی ١٩٣٩ لــە گونــدی (گۆپتەپـە)ی دەشـتی کۆیـە لەدایکبـووە، بـە پیشـەی جووتیـاری خەریـک بـووە، سـاڵی ١٩٥٨ بووەتـە سـەرباز لـە لیـوای نـۆزدەی سـوپای عێـرق و هـەر لەوێـش خولێکـی نەهێشـتنی نەخوێندەواریـی بینیـوە، دوای تێکچوونـی گوندەکەیـان لـە سـاڵی ١٩٨٧، هاتوونەتـە شـاری هەولێـر و لـە گەڕەکـی (بـاداوە) نیشـتەجێبوون، پاشـان لـە فەرمانگـەی ڕێگاوبانـی هەولێـر دامـەزراوە، ئێسـتا خانەنشـینە و لـە شـاری هەولێـر نیشـتەجێیە.

٥- توێژینەوەکان:

-عوسـمان، بورهـان حاتـەم، ٢٠٢١، پرۆسـەی ڕاگواسـتن و وێرانکردنـی گوندەکانـی شـارۆچکەی کۆیـە لـە سـاڵی ١٩٨٧دا، لێکۆڵینەوەیەکـی بەڵگەنامەییـە، گۆڤـاری ئەکادیمیـای کـوردی، ژ (٤٨).

٦- سەرچاوەی ئەلیکترۆنی:

-شـۆڕش، قـادر شـۆڕش، ١٠/ ٤/ ٢٠٢١، لـە یـادی ٣٤ سـاڵەی گیانبەختکـردوان تەحسـینە شـەل، سـەرداری مـام یونـس، رزگار و ئـاراس، ئەکاونتـی فەیسـبوکی (shorsh kadirshorsh):

١٩٥٦١٥١٧٢٧٨٧٣٣٧٤/https://www.facebook.com/shorsh.kadirshorsh/posts

پاشکۆی بەڵگەنامەکان

پاشکۆی ژمارە (١)

دانانی بۆسە لەلایەن پێشمەرگەوە بۆ هێزەکانی حوکومەت

// برقية سرية فورية //

الى/ فل (١) الاستخبارات/ فل (٥) الاستخبارات
محافظة اربيل / اللجنه الامنيه / امن الحكم الذاتي
قيادة فرع اربيل للحزب القائد/ قيادة قوات القدس
منظومة استخبارات المنطقة الشماليه

وقت الانشاء ويومه
٧/ ٥/ ١٩٨٧

من/ امن اربيـــل

المنشى/ ٦٤ج // ٢١٤٢ // علمنا من احد مصادرنا السرية مايلي (٠)
يتواجد حالياً عدد من تيبات زمرة عملاء ايران منها ( تيبي ٩٩ و ٨٦ )
في القرى ( كانبي ٨٥٧٠ و غزلوا (غ٠م) دوندار ٧٧٨٣ ) التابعـة
لقضاء كويسنجق ونيتهم التعرض على القضاء او القوه المكلفه بهدم القـرى
(٠) للتفضل بالعلم مع التقدير (٠) مكرر امن كويسنجق برقيتكم ٣٤٩٠ في
٦/ ٥/ ١٩٨٧ للمتابعة واعلامنا بالمستجدات

مدير امن محافظة اربيل

پاشکۆی ژمارە (٢)

ئامادەکاری پێشمەرگە بۆ لێدانی هێزە راسپێردراوەکانی

حوکومەت بۆ وێرانکردنی گوندەکانی قەزای کۆیە

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة فرع اربيـــل

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

العدد / ٥٢٠٩/٣٨

( برقيه سـريه وفوريه )

التأريخ ٣٠ / ٤ / ١٩٨

الى/ قيادة فل ٥ ــ الاســـتخبارات

م/ معلومات

تحية رفاقية :ــ

وردتنا معلومات مفادها قيام المخربون من عملاء ايران تيب / ٩٣ دشتي كوى والشيوعيون العملاء بتـــــاريخ ٣٠/٤/ ١٩٨٧ بحفر مواضع على الطرق المؤديه الى القرى ( مـلا زياد ، كـيرمك ساتر قله ، مخرف ) التابعه لناحية طقطق لاستخدامها في وضـع الكمائن لضرب القطعات العسكريه المكلفه بواجب هدم القرى وازالتها للتفضل بالاطلاع مع التقدير ٠

الرفيـــق
صبحي علي الخلـــف
امين ســر قيادة فرع اربيـــل

نسخه منه الى /ــ

محافظة اربيل ــ ١ للجنه الامنيه
منظومة استخبارات المنطقه الشماليه
للتفضل بالاطلاع مع التقدير ٠

كمال / ١ / ٥

پاشكۆى ژماره (٣)

دانانى بازگەى بەردەوامى پێشمەرگە لەسەر رێگای گشتیی هەولێر-کۆیە

امة عربية واحدة
ذات رسالة خالدة

حزب البعث العربي الاشتراكي
القطر العراقي
قيادة فرع اربيل

العدد / ٢٨ / ١٠١٥٤
التاريخ ١٧ / ٨ / ١٩٨٧

الى / محافظة اربيل ــ اللجنة الأمنية

م / طريق اربيل ــ كويسنجق

تحية رفاقية :ــ

وردتنا معلومات مفادها ان طريق اربيل ــ كويسنجق وبالتحديد في منطقة كومتال التابعه لناحية شورش ضمن اعمال الفيلق الخامس / قاطع اربيل اصبحت منطقة تواجد للمخربين العملاء وبشكل مستمر حيث يقومون يوميا بنصب سيطرات على الطريق وقطعه وخطف المواطنين والسيارات وتفتيش الركاب اكثر من مره يوميا " وقد تم استطلاع الطريق المذكور وتبيين عدم وجود حماية او مراباة على الطريق ..

للتفضل بالاطلاع مع التقدير .

الرفيق
صبحي علي الخلف
امين سر قيادة فرع اربيل

پاشکۆی ژمارە (٤)

دەستبەسەرداگرتنی ئۆتۆمبێلێکی لۆریی لەلایەن هێزەکانی پێشمەرگەوە

برقيـــة ســــرية

الى / محافظة اربيـــل ـ اللجنه الامنية / قيادة فرع اربيل للحزب القائد /
قيادة قوات القدس / منظومة استخبارات المنطقة الشمالية

من / أمن اربيـــل

وقت الانشاء ويومــــه

١٩٨٧ /١١/٥

المنشىء / ش ٠س٣ / ٨٤٥٩٨ بتاريخ هذا اليوم خطفت السيـارة المرقمـه ٧٤٦٣ / اربيـل نوع لوري حمل مارسيدس أصفر موديل ١٩٨١ صاحبها المدعو عزيز حسن عزيز في الشارع العام اربيل كويسنجق (٠) تصدى له سيارتين من المخربين مابين ناحية شورش وقضاء كويسنجق واتجهوا بها الى جهـة مجهوله ولم يتوصل الى الجهه التي ينتمون اليها (٠) للتفضل بالعلم ٠٠٠ مع التقديـر ٠

نقيب الامـن
مدير خفر أمن اربيـل

# موقف قوات البيشمرگة من تدمير قرى قضاء كويسنجق في عام ١٩٨٧ دراسة وثائقية

مـن خـلال عمليـة الأنفـال، تـم تهجـير القـسري وتدمـير معظـم القـرى في كردسـتان العـراق، بمـا في ذلـك القـرى التابعـة لقضـاء كويسـنجق. وفي المقابـل، واجهـت القـوات البيشـمرگة هـذه العمليـة بطـرق مختلفـة. ويتكـون هـذا البحـث مـن تمهيـد وفصلـين. ففـي التمهيـد تطـرق البحـث بشـكل موجـز الى تدمـير قـرى قضـاء كوينسـجق في عـام ١٩٨٧ وتهجـير سـكانها. ويتنـاول الفصـل الأول التنظيـمات العسـكرية والسياسـية لقـوات البيشـمرگة في قضـاء كويسـنجق، إلى جانـب تنـاول بعـض الموضوعـات مثـل اسـتعدادات البيشـمرگة قبـل عمليـة تدمـير قـرى قضـاء كويسـنجق ونشـاطاتها ضـد النظـام العراقـي والمتعاونـين معـه. يناقـش الفصـل الثـاني مـن البحـث مواقـف القـوات البيشـمرگة وأنشـطتها العسـكرية اثنـاء تدمـير قـرى كويسـنجق مـن نيسـان إلى ايلـول ١٩٨٧. يتنـاول هـذا الفصـل المواضيـع التاليـة: أولاً ، تشـجيع القرويـين عـلى التجمـع والإضراب ضـد التهجـير والتدمـير لقراهـم. ثانيـاً: مهاجمـة جيـش النظـام العراقـي والمتعاونـين معـه الذيـن تـم تكليفهـم بمهاجمـة القـرى. ثالثـاً: وضـع نقـاط تفتيـش عـلى الطـرق العامـة وخطـف السـيارات. رابعـاً: مهاجمـة الجيـش العراقـي وقواعـده العسـكرية ومبانيـه الحكوميـة مـن قبـل القـوات البيشـمرگة.

## Abstract

## The position of the Peshmerga forces against the destruction of the villages of the Koys district in 1987

Documentary study

Through the Anfal process, most of the villages in Iraqi Kurdistan, including the villages belong to Koya district, were expulsed and ruined. The Peshmarga forces, in return, reacted in different ways. Providing a brief introduction about the expulsion and destruction of Koya district villages in 1987, this research consists of two sections. Section one identifies the Peshmarga forces' military and political organizations in Koya district, along with identifying some topics like Peshmarga's arrangements before the destruction process of the villages and their activities against Iraqi regime and its collaborators while ruining Koya district villages. Section two discusses the Peshmarga forces' attitudes and military activities at the time of Koya villages destructions from April to September 1987. This section presents discussions about: First, encouraging the villagers to rally and strike against expulsion and destruction of their villages. Second, attacking the Iraqi regime army and their collaborators who have been assigned to attack the villages. Third, establishing check points on the public roads and kidnapping cars. Fourth, attacking the Iraqi army garrisons, military bases, and government buildings.